# کۆنگره

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە ٤٥ جۆزەردانی ٢٧٠٨ی کوردی

خەبات لەپێناو وڵاتێکی ئازاد و دیموکرات و سەربەخۆ

Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC) Nr. 45, June - july 2008


## بەئاگاداری و رەزامەندیی نوێنەرانی کورد، داگیرکەرانی کورد لە بەغدا، پیلانی پاکتاوکردنی سەرلەنوێی نەتەوەی کورد دادەڕێژنەوە!

پاش سەردانەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکوەزیرانی رژێمی خوێنرێژ و رەگەزپەرستی تورکیا بۆ عێراق و، دیداری لەگەڵ نووری مالکی سەرۆکوەزیرانی رژێمی داگیرکەری عێراق لەڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١٠، هەردوولایان لەسەر هێمنی و پاراستنی سنوورەکانیان رێککەوتن و، جەختیان لەسەر گرنگیی دارشتنی پلانێکی سەربازیی هاوبەش کردەوە، بۆ ئەوەی بتوانن پێش لەدزەکردن و هاتوچۆکردنی رێکخراوە تێرۆریستەکان بگرن و، رێبگرن لە گەیشتنی چەک و چۆڵ و پێداویستییەکانی دیکە بۆیان.

دوابەدوای کۆتایی کۆبوونەوەکەی نێوانیان، جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق، جۆرج بوش سەرۆکی ئەمریکا، هەروەها سەرکۆماری ترک عەبدوڵلا گول، شادمانی و رەزامەندیی خۆیان سەبارەت بە ئەنجامی کۆبوونەوەی بەغدا دەربڕی.

"بۆ ل ٢"



مامۆستا شەیدا: یادی تێپەڕبوونی پەنجاساڵ بەسەر یاداشتی گەلی کورد

"ل ١٩"



لێدوانی KNC (سەرکردەیەتیی باشوور)، سەبارەت بە بەیاننامەی هاوبەش

"ل ٦"



دوکتۆر ج. رەشید: سەبارەت بە 'نەتەوە' و، نێوناسکردنی هەڵەی کەمایەتییەکان لەلایەن کوردەوە!

"ل ٧"

راگەیاندراوەی KNC سەبارەت بە گیرانی چالاکڤانانی بواری رۆشنبیری و ماڤی مرۆڤ، لەلایەن رژێمی داگیرکەری ئێرانەوە .............. ل ١٠














*- دوکتۆر جەمال نەبەز: لە براکوژی گیانییەوە، بەرەو براکوژیی زمانی ١٣

*- پارێزەر کامیل ژیر: نەوشیروان مستەفا لە بنی هەمانەکەی دا .... ل ١١

*- بەیاننامەی هاوبەشی KNC و PKSK ......................... ل ٤

*- رۆناکبیرانی باکووری کوردستان، داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەن ........................................................ ل ٦

*- سیروان کاوسی: رژێمی ئێران و، کێشەی مواد مخدر لە کوردستان ل ٢٥

ئاشکرایە، مەبەستی ئەم دوو ڕژێمە دژ بە ئازادییە لە هێنانی وشەی "تێرۆریست"، هێزی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەم شێوەیە، پاش تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی داگیرکەری عێراق و حیزبی هەڵوەشاوەی بەعس، ڕژێمەکانی تورکیا و عێراقی نوێ، لەدژی نەتەوەی کورد و مافەڕەواکانی ڕێکدەکەونەوە.

تەیب ئەردۆغان، لەم دیدارەشیدا، بەوێنەی دیدارەکانی پێشووی خۆی و هەموو سەرکردەکانی تورکیا، سیاسەتی بێڕێزیکردن و، بەهێندنەگرتنی سەرکردەکانی باشووری کوردستانی پێڕەوکرد و، ئامادە نەبوو چاوی بە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بکەوێت. لێ مخابن، سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێم، کە هەر لەڕۆژانی دامەزرانی "هەرێمی نەفرێن" وە لەساڵی ١٩٩١، بەرژەوەندیی حیزبی و، گەیشتن بە پلەوپایە و بەرژەوەندیی ئابووری و پاوانخوازییان کردە ئامانج و ستراتیژی سیاسییان، نەیانتوانی لەو هەل و دەرفەتە لەبارەی لەماوەی شانزە ساڵی ڕابوردوودا کەوتبووە دەستیان، نەیانخستە خزمەتی بەرژەوەندی و ئامانجی نەتەوەی قەربانیلێدراو و، ماڵوێرانی کوردەوە.

پاش ئەوەی کە ڕژێمی داگیرکەری تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٣دا، یارمەتیی ئەمریکای نەکرد بۆ لێدانی ڕژێمی سەددام و، نێوانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا تێکدا و، ئەمریکای ناچارکرد ڕوو لە کورد بکا بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەشێک لە بەرەکانی شەڕدا هاوکاریی سوپاکەی بکات. لەوەوە گەورەترین هەلی مێژووی و چاوەڕواننەکراو بەرەورووی سەرکردەکانی کورد لە باشوور بووەوە، کە دەرفەت لەدەستنەدەن و، گرێبەستێکی سیاسی و لەشکریی لەگەڵدا مۆر بکەن و، داوا لە ئەمریکا بکەن، کە پاش ڕووخانی ڕژێمی عێراق، دەستبەجێ، هەموو ئەو کوردانەی بەپێی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی عەرەبیی، لە سەر خاک و زێدی خۆیان دەرکراون، بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و، ڕاپرسییەکی سەرتاسەریی لە کوردستان ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی گەلی کورد، بڕیار لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیبدات، بەوەش کۆتایی بە ماڵوێرانی و بندەستیی گەلەکەیان بهێنن و، بۆ هەتا هەتایە، ڕێز و وخۆشەویستیی وەچەکانی ئێستە و داهاتووی گەلەکەیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. لێ مخابن، نەتەنێ ئەم کارەیان نەکرد، بێ هیچ گەرەنتی و ڕێککەوتنێکی پێشوەخت، هەزاران ڕۆڵەی کوردیان ناردە بەرەکانی شەڕەوە و، چالاکانە لە ڕووخانی ڕژێمی گۆڕ بە گۆڕی سەددامدا بەشدارییان کرد. ئەوجا بە بۆنە و بێبۆنە، دەستیانکرد بە پڕۆپاگەندەکرن لەدژی بیری سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورستان و، چەواشەکردنی گەلی کورد بە ڕێگەی سەدان زۆرنازەنی شارەزا و کارامەوە، کە "عێراقی نوێ، دەبێتە ئەو بەهەشتە بەرین و خۆش و پڕ لە کامەرانییە، کە گەلی کورد دەیان ساڵە خەونی پێوە دەبینێت!!". عێراقی نوێ، عێراقی هەموانە، کورد، ئیدی پلە دوو و سێ نییە، لەمە بەو لاوە وەک



عەرەبی سوننە و شیعە، دەبێتە پلە یەک.

ئەوە بوو حکوومەتی عێراقی نوێیان پێکهێنایەوە بۆ کۆمەڵێک عەرەبی بێ ناو نیشان و، بێڕابوردوو و، کۆنەپەرست و، ڕەگەزپەرستی وەک غازی عەجیل عەلیاوەری کۆنە بەعسی و ڕەگەزپەرست، ئەحمەد چەڵەبیی سەر بە ڕژێمی مەلاکانی ئێران، براهیم جەعفەریی کۆنەپەرست ودژ بە کورد و سەر بە ڕژێمی ئێران. ئێستاش چەند ساڵێکە

چاوەڕوانن، نووری مالکی (مادەی ١٤٠) و، داخوازییەکانی دیکەی کورد، بە پێی "یاسای نوێی عێراق!!!"، چارەسەر بکات!

وا دیارە سەرکردەیەتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و، پارتی دیمۆکراتی کوردستان، هێشتا هەستیان بە هاتنە کایەی بارودۆخی نوێی ناوچەکە نەکردووە. لەبەر ئەوە پێویستە، بیزانن، هێما و نیشانەکانی هەرەس و مەرگەساتێکی دیکەی نەتەوەیی بەڕێوەیە. رژێمی تورکیا، لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراقی نوێ، پەیمانێکی هاوکاریی ئابووری و دیپلۆماسی و لەشکریی مۆرکرد. ئەمریکا بەتەمایە، لە داهاتوویەکی نێزیکدا، لەگەڵ عێراق پەیماننامەی ستراتیژی مۆر دەکات. لەماوەی چەند ساڵی رابوردوودا، رژێمی تورکیا، توانی بە هەوڵی دیپلۆماسیی، پشتیوانیی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ لێدان و، دژایەتیکردنی پێ کێ کێ و بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە باکوور، بۆلای خۆی رابکێشێت. تپێوەندیی ئەمریکا و تورکیا، گەڕاوەتەوە دۆخی جاران و، نێوانیان گەرم و دۆستانەیە. هاوکات، لەگەڵ رژێمی داگیرکەری ئێرانیش، پەیمانێکی لەشکریی بەمەبەستی سەرکوتکردنی بزاڤی رزگاریخوازیی رۆژهەڵات و باکووری کوردستان، بە هاوبەشیی لەگەڵ یەک، مۆر کردووە. لەبەر ئەوە رەوتی رووداوەکان، ئەورۆکە لەزیانی کورد دەڕۆنە پێش.



هاتنی دیمستورا نوێنەری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەوڵێکی دیکەی سیاسی و دیپلۆماسییە، بۆ بەرتەسکردنی توانای ئابووریی کورد و، جیاکردنەوەی کەرکووک، وەک هەرێم و پارێزگەیەکی جیا لە کوردستان، کە لایەن پێکهاتەکانییەوە، کاروباری ئیداری و خزمەتگوزاری بچێت بەڕێوە. لەبەر ئەوە، پێویستە، کاربەدەستانی پارتی و یەکێتیی، لە میدیای خۆیانەوە، هانی جەماوەری نیوچە دابڕاوەکان و، سەرجەم خەڵکی کوردستانیان بدەن، خۆپێشاندانی هێمنانە رێبخەن بۆ بەردەم باڵوێزخانەی وڵاتانی هاوپەیمان و، نووسینگەکانی UN لە نێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات و، ئاگاداریان بکەنەوە، بە بێ پرسی کورد و بێ ئەنجامدانی راپرسیی، هەر بڕیارێک دەربکەن، ئەوا لە لایەن نەتەوەی کورد و سەرکردەیەتیی کوردەوە رەوایەتیی نابێ و، رێزی لێناگیرێت.

سەرکردەیەتیی یەکێتی و پارتی، دڵنیابن، بیری "دەست بەکڵاوی خۆوە گرتن" و، خۆپاراستن و، شادمانی دەربڕین بۆ رێککەوتنی نێوان رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، تەمەنێکی درێژ و ژیانێکی ئاسوودەی بۆ خۆیان و گەلەکەیان بەدواوە نابێت. پاش نەهێڵانی هێزە میلیشیاکان لە عێراق و، هێورکردنەوەی بارودۆخی شڵەژاوی عێراق، کە پێشمەرگەی کورد، لە گێرانەوەی ئاسایش و هێمنی بۆ عێراق، دەستی باڵای هەیە، ئەوجا سەرە دێتە سەر چەک داماڵین بە هێزی پێشمەرگەی یەکێتی و پارتیی. هەموو گرێبەستە ئابوورییەکان و، دەرهێنانی نەوت و، کانزاکانی کوردستان، راستەوخۆ دەکەوێتەوە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی عێراقەوە. دەوڵەتی نوێی عێراق، لەمە بەدواوە، هەموو ئەو پرۆژانەی کە دەبنە هۆی سەقامگیریی زیاتری چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و لەشکری و دیپلۆماسی و ...هتد، بە پشتیوانیی ئەمریکا و وڵاتانی دۆست و دراوسێی جێبەجێدەکات، ئیدی پێویستی بە کورد نەماوە، لەبەر ئەوە سەرکردەیەتیی کورد، دەبێ بیرێک لە داهاتووی خۆی بکاتەوە و، وەرام بۆ ئەو پرسیارانە ئامادە بکات، کە لە داهاتوویەکی نێزیکدا، لەلایەن گەلە هەمیشە بندەستەکەیەوە بەرەوڕووی دەکرێتەوە!

**گەلۆ!! تۆ بڵێی وەرامی ئەوانەی کە خەبات و قوربانیدانی نەتەوەکەیان، دەکەنە قوربانیی ئامانج و بەرژەوەندیی خۆیان، دەبێ چی بێت!؟**

# بەیاننامەی هاوبەشی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان



## هاونیشتمانانی هێژا! گەلی کۆیلە و خۆراگری کورد!

رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/٦/٢، کۆبوونەوەی نێوان کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، لە شاری ئۆسلۆ پێتەختی وڵاتی نۆروێژ بەڕێوەچوو. شاندی "پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان"، رێزدار کاک شوان شێخانی سکرتێری گشتی، شاندی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانیش لە هاوبیر سیروان کاوسی ئەندامی سەرکردەیەتی و بەرپرسیاری دەزگەی راگەیاندن، لەگەڵ هاوبیر شوان بەرزنجی بەرپرسی کۆمیتەی نۆروێژ و ئەندامی کۆمیتەی رێکخستنی KNC لە سکاندیناڤیا، پێکهاتبوون.

سەرەتا، رێزدار کاک شوان شێخانی، سکرتێری PKSK، لەبارەی ئامانج و مێژووی دامەزرانی خەبات و تێکۆشێنی پارتەکەیان دوا و، ئاماژەشی بەو کەند وکۆسپ و گیروگرفتیانەش کرد، کە لە دامەزرانی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستانەوە تاکو ئێستا، لە باشووری کورستان بەرەورووی پارتەکەیان بووەتەوە. کاک شوان شێخانی، هەروەها لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیاندا، بەشێوەی زانستانە و بابەتانە، سەبارەت بە بارودۆخی باشووری کوردستان و عێراق و نێوچەکە، بیروباوەڕی خۆیان و پارتەکەیان رۆنکردەوە.

پاش تەواوبوونی وتەکانی بەرێز کاک شوان شێخانی، هاوبیر سیروان کاوسی سڵاو و رێزی سەرۆکایەتی و هاوبیرانی کۆنگرەی، بە بەرێز کاک شوان شێخانی و هەموو ئەندامانی "پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان" ی تێکۆشەر و هاوبیر راگەیاند و، خۆشحاڵی تەواوی خۆی بۆ ئەم دانیشتن و کۆبوونەوەیە دەربڕی. ئەوجا، کورتەیەک لەمێژووی دامەزران و ئامانج و ستراتیژ و چالاکیی سیاسی و، هەروەها کارکردی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانی لە پێشخستنی زانستانەی بیروباوەڕی نەتەوەیی لەنێو جەماوەری گەلەکەمان، خستەڕوو.

پاش تێپەڕبوونی (٥) دەمژمێر گفتوگۆ و لێدوانی چر و پرنێوەرۆک و، هاودەنگی و رێکبوونمان، سەبارەت بە سیاسەت و پیلانگێڕیی داگیرکەرانی کوردستان و، کێشە و ئاستەنگەکانی سیاسەتی نێوخۆیی و، لایەنەکانی دیکەی پێوەندیدار بە کێشەی نەتەوەکەمان، لەسەر ئەم بەندانەی خوارەوە رێککەوتین:

* – پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان و، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لەم کۆبوونەوەیەماندا، لەسەر هەموو باسەکانی پێوەندیدار بە کێشەی نەتەوەکەمان و ئاستەنگەکانی و دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی، "بۆ ل ٥"

هەروەها چۆنێتیی پێشخستنی ستراتیژ و ئامانجەکانی نەتەوەیی و سیاسیی نەتەوەکەمان، هاودەنگ بووین!

* پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، دەبێتە ئەندام لەنێو کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان. لەم ڕێکەوتەوە، پێکەوە تێدەکۆشین، بۆ ئەوەی زۆرترین هێز و لایەنی نەتەوەیی لەژێر چەتری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا کۆبکەینەوە!

* کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، پێویستە، وەک هێز و ئۆپۆزسیۆنی کوردستانیی، لە باشووری کوردستان و، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ڕاستەوخۆیانەتر، بەشداریی لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بکات!

* پێویستە لە پێناو هۆشیارکردنی زیاتری جەماوەری کورد و، پێشخستنی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی، لەنێوخۆ و لەدەرەوەی کوردستان تێبکۆشین!

* پێویستە، چالاکی و خەباتی بەردەوام بکەین، بۆ زیندووکردنەوەی پرۆژەی "رفراندۆم بۆ کوردستان"، کە نەتەوەی کورد بتوانێ، بە چاودێریی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئازاد و دیمۆکرات، دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆییدات!

* کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، پێویستە لە بواری ئابووری و ڕاگەیاندن و دیپلۆماسیدا، خەبات و چالاکیی خۆی زیاتر پێش بخات!

* هەردوولا، پەسندمان کرد، ڕێکخستنی جەماوەری و کۆڕ و کۆمەڵی جیا جیا پێکبهێنین، کە لە خزمەتی ستراتیژ و پرۆژەی ڕزگاریی یەکجاریی نەتەوەکەماندا بێت!

* هەردوولا، جەختمان لەسەر دژایەتیکردن و، لەقاودانی مشەخۆری و دیاردەی دزێوی گەندەڵیی کرد!

هەردوو لامان ڕێککەوتین، لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات، پێوەندیی ڕێکخراوەی و ڕێکخستنمان نێزیکتر و چڕتر بکەین، بۆ ئەمەش بەپێی هەلومەرجی ئێستا، چەند ئەرکێکی شیاو و گونجاو، بۆ نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ڕەچاوکراون، کە دەبێ بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە.

* داوا لە سەرجەم پارتی و ڕێکخراوەکانی ڕامیاری و ناڕامیاریی کوردستان دەکەین، داوا لە هەموو کەسایەتی و ڕۆشنبیران و، هەموو ئەو کەسانە دەکەین، کە بیر لە بەختەوەری و سەرفرازیی نەتەوەکەیان دەکەنەوە، لەژێر چەتری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا، کۆببینەوە، بۆ ئەوەی هەموو هێزوتواناکانمان یەکبخەین و، پێکەوە تێبکۆشین بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەی کۆیلە و خاکی داگیرودابەشکراومان کوردستان!

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، لەپێناوی ڕزگاریی یەکجاری و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا!**

**هەرشەکاوەبێت، ئاڵای بەرز و پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان** | **پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان**

**مانگی پووشپەڕی ٢٧٠٨ ی کوردی**

**٢٠٠٨/٦/٦ ی زایینی.**

## لێدوانی
## کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان-
## سەرکردەیەتی باشوور
## لەسەر بەیاننامەی هاوبەشی
## کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لەسکاندیناڤیا
## و پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
## ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٦/٦

کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان/سەرکردەیەتی باشوور، بەچاوی ڕێزەوە ڕوانییە بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو لایەنی سەرەوە و هەموو بەندەکانی پەسەندو پیرۆز کرد.

بەم بۆنەیەوە، داواکارین ئەم ڕێکەوتنە ببێتە بەردی بناغەی خەباتێکی بەرەیی هەموو ئەو پارتی و ڕێکخراو و تاکەکەسانەی باوەڕیان بەسەربەخۆیی کوردستان هەیە و لەپێناویدا تێدەکۆشن لەسەرتاسەری کوردستان و دەرەوەی کوردستانیشدا.

بەم بۆنەیەوە، ئەوە بۆ جەماوەری گەلەکەمان ڕووندەکەینەوە و جەختی لەسەر دەکەینەوە کە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، پارتی (حیزب) نییە. بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ خەباتی یەکگرتوو لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانی سەرجەم پارتی و ڕێکخراو و تاکەکانی نەتەوەی کوردمان لەژێر چەترێکی کۆنگرەییدا و هەر یەك لەو لایەن و کەسانە، تەواوی سەربەخۆیی خۆیان ئەپارێزن.

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کوردمان لە پێناوی ڕزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا!**

**کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان**

**سەرکردایەتی باشوور**

7/6/ 2008

## ڕۆناکبیرانی باکووری کوردستان
## داوای دامەزراندنی
## دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەن!

لەپاش تێکشکانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی شەهید سەید ڕەزا دێرسیم لە ساڵی ١٩٣٨، کە دوا سەرکردەی نەتەوەییی کلاسیکی کورد بوو لە باکووری کوردستان، ڕژێمەکانی یەک لەدوایەکی تورکیا، بە پێڕەویکردن لە ئایدۆلۆژیی ڕەگەزپەرستانەی ئەتاتورکی خوێنخۆر، دەستیاندایە پاکتاوکردنی ڕەگەزی و جینۆسایدکردنی ئابووری و فەرهەنگیی کورد. هێنانی ناوی کورد و کوردستان، بەفەرمیی قەدەغەکرا. زمانی تورکی و کولتووری تورک بەزۆر سەپێندرا بەسەریدا و، دەرەتانی دەربڕینی هەر جۆرە ئازادییەکی مرۆڤی و سیاسی و نەتەوەییی لێبەربەستکرا.
پاش هەڵگیرسانی شەڕی چەکداریی لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە لەساڵی ١٩٨٤، لەدژی سوپای داگیرکەری تورکیا کە تاکو ئەمڕۆش درێژەی هەیە، هەستی کوردایەتیی تا ڕادەیەک، سەرلەنوێ لەو بەشە گەورەی نیشتمانەکەماندا بووژاوەتەوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، لەنێو ڕۆناکبیرانیدا، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ، هەست وبیروباوەڕی نەتەوەیی ڕووی لە هەڵچوون و، پەرە سەندنە.

سەرەتای مانگی پووشپەڕ، کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زانستگە و قوتابخانە و، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و، پارێزەر و خوێندکار کە ژمارەیان ٢٢٥ کەسە و، دانیشتووی شارەکانی باکووری کوردستان و، تورکیا و وڵاتانی ئۆروپان، ڕاگەیاندراوەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردووەتەوە و، تێیدا داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان کردووە. لە ڕاگەیاندراوەکەدا، هەروەها داوا لە گەلی کورد و، کۆڕ وکۆمەڵی نێودەوڵەتیی دەکەن، کە پشتگیریی لە داواکەیان بکەن، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد، بە ئازادی وسەربەخۆیی بگات.

بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاگەیاندراوەیە بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی، مزگێنی سەرهەڵدانەوەی بیری پیرۆزی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستانە، لە بەشی هەرە گەورەی نیشتمانەکەمان.

دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە هەموو بەڕێزانە دەکەین، کە لە تورکیا و باکووری کوردستان، لەژێر حوکمی بێچووەکانی ئەتاتورکی خوێنڕێژی گەورەی کورد، دلێری و بوێریی خۆیان پێشاندا و، بانگەوازی خۆیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بە ئاگاداریی نەتەوەکەیان و، داگیرکەرانی گەیاند!

# دوکتۆر جەمال رەشید، سەبارەت بە ژیان و سەربردە و، بارودۆخی دوێنێ و، ئێستای کەرکووک

## (٥)

لە قورئاندا زۆر وشە بەکار هێنراون، بەڵام ئاماژە بەسەرچاوەکەی نەکراوە و، نەنووسراوە کە ئەم وشانە لە چییەوە هاتوون، وەک وشەی "قەبیلە"، یان "عەشیرەت"، بۆ وێنە، "عەشیرەت" وشەیەکی زۆر کۆنی "سامی" یە و عەرەبی نییە و، لە زمانە سامییە کۆنەکان وەرگیراوە. "عەشیرەت" ئەو گروپە خەڵکەیە کە تەنیا لەنێو خۆیاندا زاوزێ دەکەن. ئەمڕۆ لە عەرەبیدا، وشەی "العشرة" بەمانای "تێکەڵاوبوون" بەکار دێ. لەبەر ئەمە، خوداوەندێک هەبوو، خوداوەندی دایک بوو، لە عێراقدا پێیاندەگوت "عیشتار"، لە سووریادا پێیاندەگوت "عشتەروود". لەبەر ئەوە وشەی عەشیرەت، پێوەندیی بە دایکەوە هەیە. ئەو جۆرە پێوەندییە "سێکسی" یە کە هەبوو لە نێوان ئەندامانی گروپێک لە خەڵک، بە بۆچوونی ئاینیی ئەو سەردەمە، دەبوو بە پیرۆزباییکردنی "خوداوەندی دایک" ئەنجامبدرێ. جا عەشیرەت لە کۆندا بەو مانایە بوو. بەڵام کە کۆمەڵ پێشدەکەوێ و، پرنسیپی تازە پەیدا دەبێ لەژیانی ئادەمیزاددا، ئەو چەمک و مانایەی نامێنێ و، مانایەکی نوێ وەردەگرێت و، "عەشیرەت" بە گروپێک لەنێو نەتەوەیەک لێکدەدرێتەوە". کوردەکان ئەم وشەیە بەکات دێنن، بەڵام کورد، خۆی، وشەی خۆی هەیە، وەک "هۆز" و "تیرە". وشەی "قبیلە"، فراوانترە لە وشەی "عەشیرەت". کۆمەڵێک عەشایر پێکەوە دەبنە "قبیلە" یەک. عەرەب دەڵێن، سەرچاوەی نەتەوەکەیان لە (بطون) ەوە دەستپێدەکات، واتە (بطن العشیرة)…. هەر چۆنێک بێ، کۆمەڵ بەپێی پێوەندیی ئابووری و پێشکەوتنی ژیانی ئابووریی، جۆری پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ و سنووری بۆ دادەنێ. واتە پێوەندیی کۆمەڵایەتیی چەرخەکانی کۆنی دوو - سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر، وەکو ئەوە نییە کە دەوڵەتی ماد پەیدادەبێ و، دەوڵەوتی ساسانی پەیدادەبێ، یان دەوڵەتی ئیسلامیی پەیدادەبێ. هەر جارە و، لەرەوتی مێژووودا، گۆڕانکاریی دێتە سەر. ئەو ئاینانە، زەردەشتیی جۆرێک، مەسیحیی بەجۆرێک، ئیسلام جۆرێک. ئەمانە مەرج بۆ پێوەندیی کۆمەڵایەتیی دادەنێن. بۆ وێنە: لەهەزارەی ٢ی پێش زاین، لە نووسینەکانی کەرکووک و نووزی (لەیلان)، لە تابلۆکانیاندا کە باسی ژنهێنان و وەرەسە و، دابەشکردنی وەرەسە و … هتد دەکەن، زۆر شت دەبینین کە لەگەڵ قانوونی سەردەمی خۆیدا رێکدەکەوێ. بۆ وێنە، جیابوونەوە (تەڵاق) نەبووە. سەیرە ئەمەیە، لە هەزارەی دووی پێش زاین، لە کورکووک یەک ژن هێنراوە، نەک دوو ژن. کەچی لە سەدەی ٧ کە ئیسلام دادێ، واتە ٢١ سەدە پاش ئەوە، پیاو لە عەرەبستاندا کۆمەڵێک ژن دێنێ و دەیفرۆشێ. کاتێک ئیسلام پەیدا بووە، وەک ئاینێک، لەچوارچێوەی بیر و کولتووری ئەو کۆمەڵەی خۆیدا پەیدا بووە و، ئیسلام خۆی سنووری بۆ ئەو پێوەندییە داناوە و، کردوویەتی بە چوار ژن. جا ئەگەر بەراوردی بکەی لە گەڵ ئەوەی کەرکووکدا، کە بیست و یەک چەرخ لەوە پێش کە دەکاتە ٢١٠٠ ساڵ، پیاوێک نەیتوانیوە دوو ژن بهێنێت! هەروەها لە دابەشکردنی میرات و وەرەسەدا، ژن وەک پیاو و کوڕ، خاوەنی مافی یەکسان بووە. بەڵام لە ئیسلامدا، ژن نیوەی مافی پیاوی دراوەتێ.

لێرەدا، من وەکو مێژوونووسێک، بەراوردی دەکەم. کە وابوو، لە وڵاتی ئێمەدا، پێش چوار هەزار ساڵ، پێش چوار هەزار و شەشسەد ساڵ، قانونێکی کۆمەڵایەتیی زۆر پێشکەوتووانە هەبووە.

ئەوجا با بێینەوە سەر باسەکەمان سەبارەت بە نەتەوە. نەتەوە بەرهەمی پێشکەوتنی پێوەندیی ئابووری و کۆمەڵایەتییە. واتە خەڵکێک نابێتە نەتەوە، ئەگەر کۆمەڵێک مەرجی نەبێت. ەبداخەوە سیاسییەکانی ئێمە لە کوردستاندا، هەڵەیەکی گەورە دەکەن، کە تورکمان بە "نەتەوە" دەزانن. دەڵێن شعب ترکمانی. ئەز لەگەڵ تورکماندا ژیاوم، هەتا گەورە بووم و پیر بووم، یەک تورکمان بۆ خۆی نەوتووە "شعب ترکمانی". هەر گوتوویانە. ئێمە تورکمانین. چۆنکە کە گوتت "شعب"، واتە زەوییەکە هی خۆیەتی! ئەوجا کورد مافی ئەوەی نییە کە بڵێ، ئەمە کوردستانە و، داوای دەکەم، چۆنکە تۆ خۆت بەو دەڵێیت: "شعب". ئەمانە (سیاسییەکانمان) هەڵەیەکی گەورە دەکەن. کلدان، وشەیەکی بابلییە، بە خێزانیک گوتراوە، بە خێزانی "بۆختولنەسر" گوتراوە، بە خێزانەکانیان دەگوت "کلد". ئەوجا وشەی "کلدان" ە کە، وشەیەکی ئێرانییە، وەک "کوردان". وشەی "کلد" یش نێوی گوندێک بووە، واتە ئەو خێزانە، لەو گوندە دەژیان. باشە! ئاشوور، نەتەوە نییە، "شعب" نییە، ئاشوور خوداوەندە، نەتەوەیەک نییە نێوی ئاشوور بێت. هەموو نووسینەکانی پاشایانی ئاشوور بخوێنە،

بزانە لە یەکێکیاندا باسی گەلی ئاشووریی دەکات؟ باسی خوداوەندی خۆیدەکات. نووسیویانە، لەبەر خاتری خوداوەندی خۆم، چووم ولاتی فلانوفیسارم داگیرکرد و، ئەوەندە خەڵکم لێکوشتن و، ئەوەندەشم لێ بە دیل گرتن، ئێدی نالێ، لەبەر خاتری نەتەوەی خۆم کە ئاشوورییە ئەوەم کردووە. ئەی باشە ئیمڕۆ، کورد بۆ نەتەوەی ئاشووریم بۆ دروستدەکات؟! یان نەتەوەیەکی تورکمانم بۆ دروستدەکات؟! لە کاتێکدا لە بنەڕەتەوە نەتەوە نەبوون و، نیشن.

## پ: ئەی تورکمان چین؟!

و: تورکمان "قوم" ن، لە زەوییەکی کوردستانیدا دەژین. هەر وەکو کورد لە تورکمانستاندا دەژین. بۆ وێنە کوردی دانیشتووی "ئیشغابە" لە تورکمانستان، یان کوردەکانی بوجنورد و شێروان و هیتد .... لە خوراسان و، ئەو کوردانەی لە نێوەراستی ئاسیادا دەژین، قەت نالێن ئێرە کوردستانە، دەڵێن کورستان لە رۆژهەلاتی ناڤیندایە، ئێمە کوردین لە تورکمانستان دەژین. تورکمان دەبێ لە کورکووک وابڵێ، بڵێ من تورکمانم، بەلام لە کوردستان دەژیم.

بەلام کوردەکە خۆی، هەم حیزبی بۆ دروستدەکا، هەمیش نێوی نەتەوەی لێدەنێت. ئەمەش بێگومان لە نەزانینەوەیە. جا تکام ئەمەیە بۆ کورد، دەبێ زۆر چاک ئاگاداری بەکارهێنانی وشە بن لە دنیای سیاسەتدا، وەکو وشەی "نەتەوە"، "گەل"، "امت"، "شعب"، نازانم هەر وشەیەکی دیکەیە، لە نێوەرۆکەکەی تێبگات، جا بەکاری بێنێت. ئەوجا سەیر ئەمەیە، کلدان و ئاشوور و سریانی هاتووەتە سەرا!! خۆی لە بنەڕەتدا، کلدانییەکە بگری، یان ئاشوورییەکە، بەخۆی دەڵێت: "سۆرایێ"، نالێ "کلدایێ" باشە کە خۆی بەخۆی دەڵێ "سۆرایێ"، ئەتۆ بۆ پێیدەڵێی "ئاشووری؟!". وشەی ئاشوور، یان ئاسوور، ئینگلیز پەیدای کرد، کە پاش جەنگی جیهانی یەکەم هاتە نێوچەکەوە. پێیانیگوت: "سیریێنس". کەچی لەنووسینی رۆژهەلاتیی خۆماندا، بە "س" دەنووسرا، "ئاسوور"، خۆشیان وشەی "سریان" یان بەکاردەهێنا. لە وشەی سریان، سووریان (سووریا) پەیدا بووە کە ئیمڕۆ دەوڵەتێکە. خەڵکی ئەوێن، لەبنەڕەتدا خەڵکی کوردستان نین، بەڵکو خەڵکی سووریان، ناوەکەش بەخۆیانەوەیە. عەرەب پێیدەگوت "بلاد نبت"، یان پێیدەگوتن (بلاد مسیحیین)، سووریا لەپێش ئیسلامدا هەمووی مەسیحی بوون. کە ئیسلام هات، هەر مەسیحییەک لە سووریا، بوو بە ئیسلام – بوو بە عەرەب. بەلام مەسیحیشیان تێدا ماوە. لەلای دیمەشق ماون. کۆنترین لەهجەی سریانی (ئارامی) لە گوندی "معلولە" یە لەنێزیکی دیمەشق. سووریا بە گشتی بەو زاراوەیە قسەیان دەکرد کە ئارامییە. کەچی لەبەر ئەوەی کورد، بەمانە "شعب" دەڵێ، کە وابوو مافی زەوییان هەیە. لەم پێتەوە مەسیحییەکان داوای خاکێک دەکەن لە دەوروبەری مووسڵ و باشووری کوردستان، کە حوکمێکی "ئۆتۆنۆمی" یان هەبێ. لەوەش سەیرتر، هەستی نەتەوەییان تێکەڵ بە هەست و سۆزی ئاینیی کردووە. لەبەر ئەوەی هەموویان مەسیحین، هەموویان یەک گرووپیان دروستکردووە. ئەمەش وەک ئەوە وایە، بڵێی کورد، هەموو موسڵمان بکات بە کورد، ئەمە چۆن وادەبێ؟!

**"ئەو مەسیحییانەی لە کۆیەن، ئەو مەسیحییانەی لە شەقلاوەن، هەموو کوردن، داونەرێت و هەڵسوکەوت و هەموو شتێکیان کوردییە و، تەنیا ئاینەکەیان جیاوازە. بەلام هاتوون بە جموجوڵێکی سیاسیی، بەناوی مەسیحێتییەوە، شتێکی تێکەڵ و پێکەڵیان دروستکردووە، نێویان ناوە "نەتەوە". بە سێ ناوی جیاواز - "ئاشووری" و "کلدانی" و "ئاسووری". لە مێژوودا شتی وانییە!"**

## پ: ئەی ئەو ئەرمەنییانەی کە لە کەرکووک دەژین، ئەوانە چین؟!

و: ئەرمەنی جیان! ئەرمەنی نەتەوەیە، خاکی خۆی هەیە، ئەرمەنستان دیارە لە کوێیە. ئەرمەنی زۆر کەمن لە کەرکووک، لەوانەیە دە ماڵ نەبن. مەسیحین، کەنیسەی تایبەت بە خۆیان هەیە و، جیاوازە لە کەنیسەی سریانی. کەنیسەی سریانیش، کلدی جیایە لە "نەستووری". نەستووریی، پێڕەوی لە دەستوورەکانی "نەستووریۆس" دەکەن، کە لە سەدەی پێنجەم رایکرد پەنای بردە ئورفا و، لەوێدا بیری خۆی بڵاوکردەوە. بیرەکەشی ئەمە بوو، کە وا حەزرەتی عیسا خودا نییە، بەڵکو مرۆڤە و، لە مرۆڤ لەدایکبووە. ئەمەش شۆرشێک بوو لەسەدەی پێنجەم کە نەستووریۆس کردی. ئەوجا ئاسوورییەکان لە پێڕەوانی نەستوورین. سەرۆکیان هەیە "پەتریاخە"، کە کاتی خۆی پێیاندەگوت: "ماری شەمعوون"،

ئەمانە جیاوازییەکیان هەیە لە گەڵ "کلدە" کانی کەنیسەی بابلی. کلدەکان لە سەتا سەت کوردن، بەڵام ئاینەکەیان، ئاینێکی بابلییە و، لە کەنیسەی بابلییەوە بۆیان ماوەتەوە. ئەو مەسیحییانەی لە کۆیەن، ئەو مەسیحییانەی لە شەقڵاوەن، هەموو کوردن، داونەرێت و هەڵسوکەوت و هەموو شتێکیان کوردییە و، تەنیا ئاینەکەیان جیاوازە. بەڵام هاتوون بە جموجوڵێکی سیاسیی، بەناوی مەسیحێتییەوە، شتێکی تێکەڵ و پێکەڵیان دروستکردووە نێویان ناوە "نەتەوە"، بە سێ ناوی جیاواز "ئاشووری" و "کلدانی" و، "ئاسووری" . لە مێژوودا شتی وانییە. وەک گوتم، گەل، بەرهەمی کارەساتی هەزارەها ساڵە، لە هەلومەرجێکی تایبەتدا دروست دەبێ. دەبێ خاکت هەبێ و، لەپێناو پاراستنیدا گیانت بەخت بکەی. دەی دوو تەقەیان نەکردووە و داوای دەولەتمان لێدەکەن؟!! مەسیحی لە ئاینەکەیەوە دەڵێ، شەڕ قەبووڵ ناکرێ، ئاینی مەسیحی دەڵێ نابێ شەڕ بکەی. ئەگەر شەقێکیان تێهەڵدای، بلێ جارێکی تر وەرە شەقێکی دیکەم تێهەڵدە. تۆ کە رازیت بەو دۆخە، چۆن دەتوانی دەوڵەت دروستبکەی. دەبێ هێزت هەبێ، داراییت هەبێ، هەموو شتێکت هەبێ.

جا بۆ ئەم دۆخە کە هێنراوەتە پێش، دەبێ کۆنگرەیەکی بۆ بگیرێت لە کوردستاندا و، پێوەندیی خۆمان لەگەڵ تورکمانەکان و مەسیحییەکان دروستبکەینەوە، بەڵام نەک بەرێگەی ئاینەوە، چونکە دیانەت شتێکی دیکەیە و، دەبێ دووری بخەی لە سیاسەت. من لە گەڵ تورکمانێک وەک موسڵمانێک قسە ناکەم، وەک تورکمانێک قسەی لەگەڵدا دەکەم. هەروەها لەگەڵ سریانییەک، وەکو سریانییەک قسە دەکەم، بەلای منەوە، ئەمانە هەمووی سریانن، چونکە خۆیان، بەزمانی خۆیان دەڵێن "سۆرایێ". هیچی ناڵێ "ئاشووری!". ئاشووری تازە پەیدا بووە، دوای ساڵی ٩١، ئەگینا پێشتر نەبوو.

**لە کۆتاییدا، بەپێویستیدەزانم، ئاماژە بە گرنگیی مێژوو بکەم. لەمێژوودا زۆرشت هەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ:**

مێژووی زمان، مێژووی نەتەوە، مێژووی داوونەرێت، مێژووی مۆسیقا، مێژووی جلوبەرگ و ....هتد. هەریەکێک لەمانە مێژوویەکی هەیە و، دەبێ سەر لەنوێ ئەمانە بنووسینەوە. ئەوجا کە ئێمە توانیمان هەستی رۆحیی خۆمان و پێوەندی و داخوازیی ماددی خۆمان لەگەڵ ئەم چەرخی تازەدا رێکخەین، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین: "ئێمە رزگاربووین" و، مافی ئەوەمان هەیە دەوڵەتی خۆمان هەبێ و، سیستەمێکی تازە قبووڵبکەین لەم دنیایە، سیستەمێکی دیمۆکراتی دابمەزرێنین کە لەهەموو سیستەمێک چاکترە. رێز لەبیروڕای یەکدی بگرین. مرۆڤ بەسێ جۆر کارکرد وەردەگرێ، واتە ئەگەر قسەیەکم لەبەرێزتان گوێ لێبوو، دەتوانم بەسێ جۆر وەرامت بدەمەوە:

١- بڵێم: "قسەکەت راستە، وایە، بەڵام ئەگەر وابڵێین باشترە!" لێرەدا تۆ لەوەرامەکەم زیز نابی و لەوانەیە قبووڵی بکەی. ٢- دووهەم جار ئەگەر بڵێم: "نەخێر درۆ دەکەی!"، ئەمە تۆ قبووڵی ناکەی. ٣- سێیەم، بەجوێن. کورد هەیە لەنێوخۆیاندا کە قسە دەکەن، یەکیان توورە دەبێ و، وشەی خراپ بەکاردێنێ. ئەوجا لەنێو ئەم سێ جۆرەدا، دەبێ ئێمە لەقسەکردندا جۆری یەکەمیان هەڵبژێرین. بەڵام پارتی و رێکخراوەی کوردیی، چەک بەکاردێنن، یەکتری دەکوژن. کە دەگەڕێیتەوە سەر هۆکاری ئەو شەڕە، تەماشادەکەی دەتوانری بەدوو وشە چارەسەر بکرێت و، کۆتایی بەشەڕەکە بهێنرێت. واتە من نەمدەزانی کە یەکێتیی و پارتی یەکتری دەکوژن، بەهەردووکیان داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن. هەر باشە داوای دەولەت ناکەن!! چونکە ئەگەر لە (٩٠) مکاندا، لەسەر حوکمی زاتی (٣٠٠٠) کوژرا، دەبێ لەسەر دەولەت چەند بکوژرێ!!!

جا بەراستی، مرۆڤی سیاسیی دەبێ زانا بێت. ئەفلاتوون دەڵێ: "مرۆڤی سیاسی دەبێ فەیلەسووف بێت". لێرەدا فەیلەسووف دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بکات، نەک چەکدار. ئەمە دوا وتەی منە بۆ هاونەتەوەکانم، بۆ لاوان و بۆ وەچی ئەمرۆ، توندوتیژی و چەک بەکارنەهێنن. هێمنی باشترە، بەتایبەت لەگەڵ هاونیشتمانی خۆت. بەرامبەر دوژمنیش، کاتێک ئەو چەک هەڵدەگرێ، تۆش ناچاری چەک هەڵبگری و، بەرگریی لەخۆت بکەی، بەڵام لەگەڵ هاونەتەوەی خۆت پێویست ناکا و تاوانە.

زۆر سوپاستان دەکەم و خۆشحاڵم کە لەگەڵ ئێوە پێوەندیم هەیە ...

## تەواو

**تێبینی:**

**ئەم گوتوبێژە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ رادیۆ رۆژئاڤای کوردستان ئامادە کرا. وێژەر و پێشکێشکاری بەرنامەکە، هاوبیر شێلان کوردستانی بوو. کاری دەنگ و مۆنتاژ وتۆمارکردنی لەسەر کاسێت بۆ رادیۆ، لەلایەن هاوبیر شوان بەرزنجییەوە ئەنجامدراوە. ساڵی ٢٠٠٨، هاوبیر سیروان کاوسی، تایپی کردووە و، وەک زنجیرە وتاری مێژوویی، لە گۆڤاری کۆنگرەدا بلاویکردووەتەوە!**

# ڕاگەیاندراوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، سەبارەت بە هێرشی دڕندانەی ڕژێمی داگیرکەری ئێران بۆ سەر ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

## هاونیشتمانانی هێژا!
## گەلی کۆیلە و خۆڕاگری کورد لە سەرتاسەری کوردستان!

ڕژێمی داگیرکەری ئێران، ڕژێمی نەزانی و تیرۆر و شکەنجە و سێدارە، هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لەساڵی ١٩٧٩، جەنگێکی ناڕەوای بەسەر نەتەوەی کورددا سەپاندووە و، لەماوەی سی ساڵی ڕابووردوودا، بەدەیان هەزار ژن و پیاو و منداڵ و لاوی کورد، بوونەتە قوربانیی سیاسەتی شەڕخوازانە و، داگیرکەرانەی ئەم ڕژێمە نگریسەوە. سی ساڵی ڕەبەقە، سەروەت و سامان و کانزاکانی کوردستان بە تاڵان دەبرێ و، پووڵ و داهاتی نیشتمانەکەمان، دەکرێتە سەرفی کڕینی چەک و سازکردنی لەشکرگە و زیندانی گەورە و، کڕینی کەلوپەلی مۆدێرنی شکەنجە و، سەرکوتی جەماوەری گەلەکەمان لە سەرتاسەری کوردستان.

کاربەدەستانی ڕژێمی ئێران، هەرکات، لەبەرامبەر گوشاری نێودەولەتیدا، هەست بە مەترسیی بۆ سەر ڕژێمەکەیان دەکەن، یان لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا بەرەوڕووی بزاڤی جەماوەریی دەبنەوە، شەپۆلێکی تازەی گرتن و شکەنجەدان و، گوللەبارانکردن لە کوردستان ڕێدەخەنەوە، بەو مەبەستە کە، سیاسەتی ترس و شەوەزەنگ و تۆقاندن بەسەر کوردستاندا بە بەردەوامیی ڕابگرن. هەروەک لەمانگەکانی ڕابوردوودا، بەسەدان ڕۆناکبیر و مامۆستا و چالاکڤانی بواری ماڤی مرۆڤ و فەرهەنگییان لەشارەکانی کوردستاندا گرتووە. ڕێزدار کاک محەمەد سدیق کەبوودوەن، هانا عەبدی، کەماڵ شەریفی، فەرزاد کەمانگەر، ئەنوەر حوسێنپەناهی، ڕۆناک سەفارزادە، پەروین ئەردەڵان، عەلی حسێننژاد، هیوا بووتیمار، عەدنان حەسەنپوور، لەریزی ئەو گیراوانەدان کە چارەنووسیان نادیارە و، ئەگەری ئەوە هەیە، لەلایەن مرۆڤخۆرەکانی ڕژێمی داگیرکەری ئێرانەوە، شەهید بکرێن.

## هاونیشتمانانی ستەمدیدەی کورد!

تاکە ڕێگەی ڕزگاربوون لە بندەستی و کۆتاییهێنان بە قەڵاچۆ و ماڵوێرانی و، تاڵانکردنی سامانی نەتەوایەتیمان، گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. لەبەر ئەوە، داوا لە تێکڕای جەماوەری گەلەکەمان دەکەین بە ئەنجامدانی خۆپێشاندان لەنێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات، بە دروشمی "نا بۆ بندەستیی"،"ڕزگاریی بۆ کوردستان"، "سەربەخۆیی بۆ کوردستان"، وەرامی سیاسەتی دڕندانەی ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان بدەینەوە.

داوا لە هەموو ڕێکخراوە و پارتی ڕامیاری و ناڕمیاریی کورد و کوردستانی و، هەموو مرۆڤێکی نیشتمانپەروەری گەلەکەمان دەکەین، بە کۆکرنەوەی واژۆ، پشتگیریی خۆیان بۆ گیراوانی کورد، بنێرن بۆ ئۆرگانەکانی مرۆڤی و نێونەتەوەیی لە جیهان.

**هەر شەکاوەبێت ئاڵای بەرز و پیرۆزی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان!**

**بۆ پێشەوە، بەرەو ڕامالینی داگیرکەران و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**١٦/٧/٢٠٠٨**

کامیل ژیر:



# نەوشیروان مستەفا لە بنی هەمانەکەیدا

وشە، بنچینەی رستەیە. یەکەی زمانە. هەنگاوی یەکەمە لەبرینی هەزاران میلەکەدا. راستگۆیی لەوشەدا، بەردی بناغەی راستگۆییە لە واتاکاندا. ئەشێ ئەم راستیانە پاڵیان بە کاک نەوشیروان مستەفاوە نابێ کە کۆمپانیاکەی خۆی ناوبنێ کۆمپانیای وشە. رێکەوتیش نییە کە (کۆمپانیا + وشە)ی کردووەتە ناوی بازرگانی پرۆژەکەی. ئەی وانییە؟ کام لە فەیلەسووفەکانی یۆنان و رۆژهەڵات و رۆژئاڤا چەپ و راست و پەیامبەرەکان، زاراوەی کۆمپانیایان بۆ بیرۆکە و پرۆژەکانیان بەکارهێناوە!؟.

سەرنجێکی خێرا لە روونکردنەوەکانی رۆژی ٢٠٠٨/٥/٢١ی ژمارە (٢٢٥)ی رۆژنامەی رۆژنامە – لاپەڕە ٣، وەک هەوری بەهار، راستگۆییان لێدەچۆڕێ، دەیانجار لەم زیاتریان بۆ خەرج دەکرێ و لە چاپکردنی کتێبیش بەولاوە چیتر ناکەن! وەک وەزارەتی رۆشنبیریی نەتوانێ بەیەک لەسەر دەی سەرمایەی ئەو دوو دەزگایە چوار ئەوەندە کتێب چاپکات!.

کاک نەوشیروان لەبنی هەمانەکەیدا. لەو نووسینەو لە نووسینەکانی کەیدا، ئەوەی درکاندووە کە لە لێدوان

گەواڵە هەوری ئەم رستەیە: (شەریکم لەهەموو سەروەت و سامان و دارایی یەکێتیدا) کە ئەویش هی میللەتە (کلۆڵ خۆی میللەتت) شەستەبارانی راستگۆیی لێدەبارێ و ئاشکراکردنی گەمە و کۆمیدیای فرکان فرکانی ماڵ و سامانی گەلە، کە هەرکوتەی بەدەست یەکێک لە هەڵئاوساوەکانی تێکۆشەران و فایلدارانەوەیە. دەی کە جەلالانە و رەسوڵانە و بایزانە و بەختیارانە و هەموو ئانەکانیتر هەبێ، ئەی نەوشیروانانە بۆ نەبێ؟! خۆ بانێک نییە و دووهەوا!! جا دە ملیون دۆلاری هین چییە؟ کەی ئەوە پارەیە لەچاو سەدی حەڤدەکە و گومرگانە و باجانە و ئاوانە و کارەبایانە و رەسمانە و نەوتانە و مەرانە و پووشانە و چەندین ئانەیکەدا!؟ حکومەت بینای بۆ چییە؟ مەگەر فەرمانگەکان ناتوانن یەکی دەوارێک هەڵدەن؟ کە کۆمپانیاکانی نۆکان و نیسکان و ماشان، خاوەنی زەویی پان و بەرینبن، ئەی کۆمپانیای وشە بۆچی دەبێ خاوەنی تەپۆڵەیەکی بچکۆلانەی (١٢٢) دۆنمی نەبێ؟! ئێوە سەرنجبدەن، ئەگەر پشکی نەوشیروانانە: دەملیون + گردێک + بینایەکی پێنج نهۆم، ئەوەندە کەمبێ کە بەو جۆرە نارەزایی لێ بچۆڕێ، دەبێ پشکی ئەوانەیدی کە ئەم بە شاگردیش رایانناگرێ، چەند بێ!؟

ئێمە، بەناو شاعیری گەورەی وامان هەیە بە ملیۆنان وشە لەنێو توورەکەدا تێکەڵ دەکات و دوایی لە ژێریەکدا ڕیزیان دەکات و ماستاوچییان سەری بۆشی سەرسامیان رادەوەشێنن بۆ هونەری شیعری تازەی ئەم سەردەمە سەرلێشێواوە! باوەربکەن، ئەگەر لاپەڕەی دیوانەکانی ئەم جۆرە شاعیرانە رابخەن, لەسەر ئەو تەپۆڵکەیە جێیان نابێتەوە، ئەی ئیتر ئەو تەپۆڵکەیە چۆن جێگەی وشەکانی کۆمپانیایەکی تیا دەبێتەوە!؟ یا ئەگەر فەرمانگە حکوومییەکان هەر یەکە و بینایەکی خۆی هەبێ، ئەی خاوەن ئەپارتمانتە زلەزلەکان، قوری کوێ بکەن بەسەری خۆیاندا!؟ خۆ کۆمپانیای وشە لەدەزگای سەردەم و مەڵبەندی کوردۆلۆجی کەمتر نییە کە

خۆی و تاڵەبانیدا، هیچ ناکۆکییەکی هزرانە و مزرانە نییە. دەخۆ هەر ئەو دوانەش سەریان لەو بابەتانە دەردەچێ، یا بەتەنگ ئەو بابەتانەوەن. کەواتە هەموو تەکەتولەکانی ناو یەکێتی و هەراو شین و شەپۆرەکانیان بۆ حسەین نییە، بەڵکو بۆ هەریسە حەیاتەکەی (سەروەت و سامان و دارایی یەکێتییە) کە ئەویش هی

گەلە تێروتەسەلەکەی خۆمانە! بۆیە زاراوەکان (ریفۆرم وئۆپۆزسیۆن) تەنیا بۆ دیکۆرە و هیچیتر.

نەوشیروان مستەفا گەلێ جار راستگۆیانەیەکی ئەوتۆ دواوە، کە لەسەر خۆیشی کەوتووە. کاتی خۆی وتی (ئێمە دوای راپەرین یەکی بەجووتێ سۆڵەوە هاتینەوە)!. ئێستا ئەوانەی بەجووتێ کلاشە شریشەوە هاتوونەتەوە، یەکی جووتێ پێڵاوی مۆدێرنی دە-پازدە نهۆمی لەژێر پێیاندایە و نزیکی هەور بوونەتەوە، کەچی لە بابایەکی برسیش زیاتر هەڵپەیانە. لەم هاوکێشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی: ئەمەیە هۆی زۆربوونی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی بۆ ئەوەی پرۆژە بازرگانییەکانی هەڵئاوساوان ئاوەدانکەنەوە!.

هەژار!؟ جا هەژار چیە؟ ئەی باوو باپیرانی ئێمە شەو لەبەر چرا نەیانئەگوزەراند و رۆژ بەئاوی مەرکانە نەیانئەبردەسەر!؟

راستگۆییەکانی دیکەی کاک نەوشیروان، گەلێ پرسیار دەورووژێنن:

-مام جەلال لەکوێیوو دە ملیون دۆلار بداتە کۆمپانیای وشە!؟ ئەی ئەویش هەر بەجووتێ سۆڵەوە نەهاتەوە!؟

-گردێک کە هێمای ناوچەی سەوزی لەسەربێ، چۆن کڕین و فرۆشتن و بەخشینی لەسەر دەکرێ!

-بینای فەرمانگەیەکی حکوومی چۆن دەبەخشرێ بە دەزگەیەکی ئەهلی!؟ بەچ دەسەڵاتێک و بەپێی کام یاسا!؟ بەمەرجێ ئەو فەرمانگەیە، دیوانی چاودێریی داراییبێ! ئەی هەش بەسەر ئەوانیترا!!

-من تا ئێستا نەمبیستووە کێڵگەیەکی نۆک، کۆمپانیایەک ئەوەندە دەوڵەمەند و خواردەکات، کەوەک گیسکێکی بەخشیبێ، گردێک ببەخشێ؟! یا دەبێ من هەڵەبم و خاوەنەکانی ئەم کۆمپانیایە، لە باپیرەگەورەیانەوە، خاوەنی (نۆ)کانی زێڕی رەشبن!.

> **"نەوشیروان مستەفا گەلێ جار راستگۆیانەیەکی ئەوتۆ دواوە، کە لەسەر خۆیشی کەوتووە. کاتی خۆی وتی (ئێمە دوای راپەرین یەکی بەجووتێ سۆڵەوە هاتینەوە)!. ئێستا ئەوانەی بەجووتێ کلاشە شریشەوە هاتوونەتەوە، یەکی جووتێ پێڵاوی مۆدێرنی دە-پازدە نهۆمی لەژێر پێیاندایە و نزیکی هەور بوونەتەوە، کەچی لە بابایەکی برسیش زیاتر هەڵپەیانە...."**

پڕژی راستگۆییەکانی کاک نەوشیروان، بەرخۆشی دەکەوێت و ئەو پرسیارەش دروستدەکات کە ئایا:- کۆمپانیای وشە گردی بۆچییە؟ تۆ بڵێی ئەو گردە، لەبەر ئەوەی ناوچەی سەوزە، وشەی تێدا بڕوێنرێ و یەک و سەد بیبرێ و هەر چنگێ وشە، پڕ گەلابەیەک وشەیتر وەبەربێنێ؟.

دەبێ ئەو رۆشنبیرانەی شانازی بە وشەوە دەکەن، چ رەشبینییەکیان لا دروستببێ، کاتێ ببینن، بۆ دڵنەوایی کۆمپانیای وشە، گورزێکی وا لە فەرمانگەیەکی حکوومی و گردێکی سەوزی (٣٠٥٠٠٠) مەتر دووجا وەشاندرابێ لە دڵگیرترین شوێنی ناوەندی شاردا!؟ یا دەبێ دیسان من هەڵەبم و ئەم کۆمپانیایە بە وشەی زێڕ و زیو ئەو گردە بکات بە خۆشترین سەیرانگە و بۆڕی سەرچنار و چەق چەق و پارکی ئازادی بدات!. جاکەی ئەوە کاری کۆمپانیای وشەیە!؟

لە راستگۆییەکیکەیدا هەر لەو روونکردنەوەیەدا دەڵێ (دەزگەی راگەیاندنی حیزبەکان بەپارەی حکوومەت و لە دارایی گشتی و لەسەر بودجەی میللەت دەژین) ئەشێ پرسیار لە ئاستی ئەم راستییەدا ئەوەبێ:- تاکەی ئەم خوێنبەربوون و ئەم بێ دەنگی میللەتە!؟. بابڵێین میللەت دەستی بەسراوە، ئەی خۆ دەزگەی چاودێریی دارایی و قەڵای وەزارەتەکانیش دەلەرزێنی و ئاسایشیش لێی دەترسێ! ئیتر جێی خۆی نییە، بەرامبەر بەو گورزەی سرەوێنرایە بینا نازدارەکەی، ئاشبەتاڵی لێ بکات و دوکانەکەی داخات!؟ هەرچەندە ئەم گورزە و گورزی گردەکەش، تەنیا و تەنیا، پیاوەتییە بەسەر ئاوی گەرماوەوە! چۆنکە هیچ بنەمایەکی یاسایی و رەوایەتییانییەو لەهەر هەلێکدا بە نووکە قەڵەمێک هەڵدەوەشێنرێتەوە و ئەوسا (کرێی هاوتا) سەری قازانج و مایەش دەخوات و سفر هیچ بەدەستەوە!.

**نەوشیروان مستەفا لە بني هەمانەکەی دا!**

جەمال نەبەز:

# "لە براكوژیی گیانی یەوە بەرەو براكوژیی زمانی"

**ئەوی ناشیبانه یاری بە ئاگر بکات،**
**هەر خۆی بە گڕی ئاگرەکە دەسووتێ**

حەزمنەدەکرد لەم کاتەدا بێمە ئەم مەیدانەوە، چۆنکە بە چەند بابەتێکی دیکەوە دەستمگیراوە، بەڵام چارچییە؟ کورد گوتوویانە "شەڕە و یەخەت دەگرێ، ئەگەر نەیکەیت، خوادەتگرێ". ئەم شەڕەش، هەر یەخەی منی نەگرتووە، کە ساڵانی ساڵ خەریکی زمانەوانیی کوردی بووم، بەڵکو یەخەی نەتەوەیەکی گرتووە، ئەمەش، وەک ئەوەی ئەم کوردە، لەهەموو شتێکی تەواوبێ و، لە بێکاریدا بێزار بووبێ و، شەڕی لە بەتاڵی پێ باشتر بێ و، لەمەوە کەوتبێتە شەڕەقۆچی شێوەزاری "سۆرانی و بادینانی". شەڕەکەش لەڕێی ٥٣ کەسەوە هەڵگیرسێندراوە کە پێیانوایە پەیدابوونی زمانێکی دیوانی (رەسمی)، بەخواستی وان و،بەزۆری دارێی سەرکردەی چەند حیزبێکی باشوور و، لەنێویاندا "یەکگرتووی ئیسلامیی" کە لایەنگرەکانی، هیچ رۆژێک بیریان لە خزمەتی زمانی کوردی نەکردووەتەوە و، لەباتی رۆژباش دەبێژن "سەلام" کە لە "شالۆم" ی عیبرییەوە هاتووە، نەک سڵاو/ڤ کە وشەیەکی رەسەنی کوردییە و، لەگەڵ Salutare ی لاتینی و Salute ی ئینگلیزی و Salut ی فەرەنسی هاوڕەگی یەکن، بەراستی جێی داخ و خەفەتە کە دەبینین لەنێو ئەو (٥٣) واژۆلێدەردا، کە بە پەنا بردنە بەر دەسەڵاتی حیزبەکان، دەیانەوێ زمانێکی نووسین بسەپێنن بەسەر نەتەوەی کورددا، کە هێشتا نەبووە بەزمانێکی ستاندارد، کەسانێکی دڵسۆز و دڵودەروون پاکیشیان تێدایە. ئەم هەڵوێستەش وای



لە هێندەک حیزب و کۆمەڵەی سەر بە باکووری کوردستانیش کرد، وەک کەنەکە KNK و ئینستیتۆی کورد لە بەرلین، کە ئەوانیش بکەونە سنگ دەرپەڕاندن و بەربەرەکانی و خۆدەرخستن و، بەمەش ئاگری ناکۆکیی خۆشتربکەن و، چاوی دوژمنانی نەتەوەی کوردی پێ گەش بکەن و، دڵی رەشوڕووتی کوردی پێ رەش بکەن، هەر بۆ ئەوەی، تەپڵ و زورنای "دووستانداردیی زمانی کوردی" بکەوێتە گەڕ.

جا لەبەر ئەوەی خۆم هەست بە مەترسییەکی گەورە دەکەم و، لە گەلێک هاوبیر و دۆست و ناسیاویشەوە، رووبرالیم کە بیروڕای خۆم لەم بارەیەوە دەرببڕم، وا ناچارم بێمە دەنگ.

بەر لە هەموو شتێک دەمەوێ بێژم کە ئەم چەند دێرەی لەم گوتارەدا جێیانگرتووە، هەر قسەی ئەوڕۆم نین، بەڵکو قسەی ٥٢ ساڵ لەمەوبەرمە و، لە نامیلکەی "خوێندەواری بەزمانی کوردی" کە لە ساڵی ١٩٥٦ دا لە کەرکووک نووسیومە و، لە ١٩٥٧دا لە بەغدا چاپکراوە، لێیدواوم. لەوێدا و، لەپاڵ ئەو بەرهەڵستانەدا کە دێنە بەردەم خوێندەواری بەزمانی کوردی، گیروگرفتی نەبوونی زمانێکی یەکگرتووم خستووەتە بەرچاو و، پێشنیازی دامەزراندنی کۆڕێکی زانیاریی – زمانەوانی (ئەکادێمیای زمانەوانی) م کردووە بۆ ڕێبەرێکردنی چارەسەری ئەم کێشەیە.

ئەو ناميلكەيە، پاش سی ساڵ، واتە لەساڵی ١٩٨٧ دا لە سوێد، جارەکی دی چاپکراوەتەوە و بۆ جاری سێیەمیش، پاش پەنجا ساڵ، واتە لە ٢٠٠٧ دا، لە نەرویج ئامادەکراوەتەوە و لە ماڵپەڕەکانی "کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان" و "کوردبوون" و هەفتەنامەی "میدیا" و "پەرتوک" دا هەیە و، هەر کەسێک بیەوێ، دەتوانێ لەو ماڵپەڕانەوە رایبکێشێ و وێنەیەکی بۆخۆی لێ چاپ بکات.

بێجگە لەمەش، لەساڵی ١٩٧٤ دا و، لەژێر ناوی "زمانی یەکگرتووی کوردی" دا، باسێکی زمانەوانیم لە ئەڵمانیا، لەریزی بڵاوکراوەکانی "نوکسە" (یەکێتیی نەتەوەییی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا" بەچاپ گەیاند، وەک بەشداریکردنێکی دەستپێشکەرانە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە و، بە پێچەوانەی ئەو ئەوروپاییانەی کە خەریکی زمانی کوردی بوون و، لە نەزانینەوە، زمانی کوردییان دابەشکردووە بە سەر دووشێوەزاری کرمانجیی باکوور و کرمانجیی باشوور دا، چونکە ئەوانە، شێوەزاری گۆرانی – کرمانجکی (زازاکی) و لەکی و لوڕی، بەکوردی نازانن، من زمانی کوردیم دابەشکرد بەدوو شێوەزاری سەرەکی: کرمانجیی باکوور و کرمانجیی ناڤین (نێوەڕاست) و دوو شێوەزاری لاتەنیشت: کرمانجیی باشوور و گۆرانی – کرمانجکی (زازاکی). ئەم دابەشکردنەش، لەبارەی چالاکی و فراوانیی نووسینەوە بوو بەو شێوەزارانە، نەک لەبارەی گرنگیی شێوەزارە سەرەکییەکان، یان ناگرنگیی ئەو شێوەزارانە، کە بەلاتەنیشت لەقەڵەم دراون، ئەگینا هەموو شێوەزار و بنزارێک گرنگیی خۆی هەیە و بەشێکە لەزمانی کوردی.

لەساڵی ١٩٧٥ دا، وتارێکم بەزمانی ئەڵمانی لەژێر ناوی "زمانی نووسینی کوردەکان Die Schriftsprache der (Kurden) لە ئینسیکلۆپیدیای ئێرانەوانیدا کە بە Acta Iranica بەنێوبانگە (ژ ٢، ل ٩٧ – ١٢٢)، بڵاوکردەوە و، لە هەردوو بەرهەمەکەی دواییدا، هۆیەکانی پەیدابوونی شێوەزارم لە زماندا و، بەتایبەتیی لە زمانی کوردیدا خستنە بەرچاو و، بەراوردکارییەکم کرد لەنێوان هەردوو شێوەزارە سەرەکییەکەدا، لەبارەی مۆرفۆلۆژی و دەنگناسی و رێزمان و وشەناسی و رێنووسەوە و، گەڵێک پێشنیازم خستنەڕوو بۆ لێکنزیککردنەوەی هەردوو شێوە زارە سەرەکییەکە لەیەک و، سوودوەرگرتن لە یەک و، گونجاندنیان لەگەڵ شێوە زارە لاتەنیشتەکاندا. لە وتارێکیشدا لەژێر ناوی "کورد و کێشەی زمان" کە لە گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە ٣٨، مانگی پووشپەڕی ساڵی ٢٧٠٧ ی کوردی (جۆنی ٢٠٠٦ی زاینی)، لە هەفتەنامەی "میدیا" ژمارە ٢٤٤ و ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٦/١٣ بڵاوکرایەوە، هێندەک پێشنیازی دیکەم بۆ نێزیککردنەوەی شێوە زارەکان خستە بەرچاو. بۆ وێنە: جیاکردنەوەی رەگەزی نێرینە و مێینە بە نیشانەپێدانیان، تەنێ لە کاتێکدا بێ کە ئەو جیاکردنەوەیە نرخێکی رێزمانیی هەبێ، نەک ئەوەی، مێز، بەرد، دار، بە مێ، یان بەنێر دابنرێن، کە ئەو جیاکردنەوەیە نرخێکی رێزمانیی نییە. هەروەها، وازهێنان لە پاشکۆی ناپێویست، ئەمانەش وەک هۆیەک بۆ هاسانکردنی زمان.

ئەوەی ئەز ئاگام لێبێ، ئەوەیە لەو سەردەمانەوە هەتا ئەورۆ، بەرهەمێکی زمانەوانیی زانستانە کە، شتێکی نوێی خستبێتە سەر ئەو کارانەی سەرەوە نەکراوە. ئەگەرچی، ئەمە ١٧ ساڵە، حەفدەساڵی رەبەق، لەنێوچەیەکی پان و بەرینی باشووری کوردستاندا، دەرفەتێکی زۆر باش هاتووەتە پێشەوە بۆ کردنی ئەو کارە. بێگومان ئەگەر ئەم حەفدەساڵە، بەشەڕی "براکوژی" و بەڵێنی ناڕاست و گوێنەدانە چارەنووسی خەڵکی کوردستان و حیزبحیزبێنەی ماڵوێرانکەرانە نەبرایەتە سەر و ئاوڕێک لە زمان و فەرهەنگی کورد بدرایەتەوە و، بەشێوەیەکی زانستانە هەوڵی نێزیککردنەوەی شێوەزارەکانی زمانی کوردی بدرایە لەلایەن مرۆڤی لەزمانەوانیدا پسپۆڕ و، سیستەمی خوێندنی زمانی کوردی، لە هەرەمەتییەوە، بگۆڕدرایە بە سیستەمێکی پەروەردەی سەردەم، ئەوا ئەورۆ دەتوانرا باس لە زمانێکی ستاندارد بۆ زمانی کوردی بکرێت و، ئەو حەلە دەکرا، لە کاربەدەستان داوا بکرێ کە پشتگیرییبکەن، نەک شێوەنووسینێکی تایبەتی بەسەر خەڵکدا بسەپێنن.

ئاشکراشە، هەموو ئەوانەی کە تا ئێستە لەم باسە دواون، زمانی نووسین و زمانی ستاندارد، بە یەک شت دەزانن. ئەوەش نەزانییان دەردەخات. راستە، هێندەک جار زمانی نووسین و زمانی ستاندارد یەک شتن، بەڵام هەر گەلێک زمانی نووسینی هەبوو، مانای ئەوە نییە زمانی ستانداردی هەیە. بۆوێنە: فارس وترک زمانی ستانداردیان نییە. فارسەکان هەزار ساڵ پترە زمانی نووسینیان هەیە، بەڵام زمانی ستانداردیان نییە (فارسیی ئێرانی و فارسیی دەریی ئەفغانی و فارسیی تاجیکی سێ زمانی نووسینن)، ترکەکان (حەوت – هەشت زمانی نووسینیان هەیە، ترکیی

ئەستەموولی و شەش جۆرە زمانی نووسینی ترکەکانی کۆنە سۆڤیَت و، زمانێکی نووسینی ترکەکانی ئێران).

شایانی باسە، کوردیش، وەک فارس و ترک، زمانی ستانداردی نییە، بەڵکو دوو جۆرە زمانی نووسینی هەیە. ئەوەی کە هەندەک کەس پێیدەڵێن "جووت ستاندارد"، راست نییە و، سا یان لە نەزانی، یان لە نابەرپرسیارەتییەوە دێ، چونکە هیچ شێوەزارێکی نووسینی کوردی، جارێ نەبووە بە ستاندارد. نە ئەمەی کە لەبەشێکی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێیدەنووسرێ و، بە هەڵە بە "سۆرانی" دەدرێتە قەڵەم و، جاران پێیدەگوترا "کوردیی پەتی" و، نە ئەوەی کە لەسەر بنچینەی شێوەزاری جزیر و بۆتانە و، بەشێک لە کوردەکانی باکوور و رۆژاڤا و کۆنەسۆڤیَت و بادینان و مووسڵ پێیدەنووسن و، بە هەڵە بە "بادینانی" نێودەبرێ، هیچیان ستاندارد نین. **زمانی ستاندارد، بەو زمانە دەگوترێ، کە چ لەباری رێزمان و چ لەباری دەنگناسی و چ لەباری رستەسازی و چ لەباری وشەناسی و چ لەباری رێنووسەوە، شێوەیەکی قاڵبەستووی وەرگرتبێ و، شێوای دەستکاری و هەرکەس بۆخۆیی نەبێ، کە بەو زمانەش نووسرا، هەر بەو شێوەیە بنووسرێ.** ئەمەش لەزمانەکانی نووسینی عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و گەلێک زمانی دیکەدا دەبینرێ و، لەهەمموو لایەکیشەوە پێڕەویی دەکرێ، خۆ ئەگەر گۆڕانێکیش بەپێویست زانرا، ئەوا لەرێی ئەکادیمیای زمانەوانییەوە دەکرێ و، ئەوەش پاش لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەن و کوور (قووڵ)، نەک بەبڕیاری حیزبەکان. ئەو حیزبانەی کە بە فەرمانێکی "شاهانە"، ناشبەتاڵیان بە "کۆڕی زانیاریی کوردستان" کرد و، بە فیفتی فیفتی پارتی و یەکێتیی، باریانکردەوە بەسەر هەردوو لایاندا. دیارە ئەم تایبەتکارانەی زمانی ستاندارد کە باسکران، لە هەردوو شێوەزارە کوردییەکەدا نین کە بوونەتە زمانی نووسین و بڵاوکردنەوە. هەر بۆ وێنە، وەرن تەماشای رۆژنامەکان و ئەو چاپکراوانە بکەن کە بەو شێوەزارە دەنووسرێن کە پێیدەگوترێ "سۆرانی"، ئەوەتە یەکێک دەنووسێ "دەچم"، ئەوی دیکە دەنووسێ "ئەچم". یەکێک دەنووسێ "بەسەریا کەوتم" ئەوی دیکە دەنووسێ "بەسەریدا کەوتم". یەکێک دەنووسێ "زەرەنگەر" ئەوی دیکە دەنووسێ "زێرینگەر". یەکێک دەنووسێ "وەرگێردراو"، یەکێکی دی دەنووسێ "وەرگێڕراو". یەکێک دەنووسێ: "دەدەن" ئەوی دی دەنووسێ "ئەیەن". ئەمە، لەشێوەزاری باکووریشدا کە نێویانناوە "بادینانی"، هەروایە وبگرە لەمەی "سۆرانی" خراپترە. پێڕەوینەکردنی رێنووسێکی لەبار و جێگرتووش، ئەوەش دەردێکی دیکەیە و لەهەمموو کەس ئاشکرایە. ئێدی، زمانی ستانداردی چی؟

ئەوجا زمانی ستاندارد، هێندەک جار لەخۆیەوە و، بەهۆی هەلومەرجێکی نێوخۆییەوە (کولتووری، ئاینی، بازرگانی، رامیاری .... هتد) دروستدەبێ و، هێندەک جاریش، شیوەزارێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتێکەوە دەکرێ بەزمانی دیوانی و، جاری واش هەیە، لەلایەن زانایان و نووسەران و هۆزانڤانان و هونەروەرانەوە لەسەر بنچینەی شێوەزارەکان و داهێنانەوە، لەسەرخۆ دروستدەکرێ و، لەرێی پەروەردەی قوتابخانەکان و دەستگەی راگەیاندنی گشتییەوە، بەخاوەن دەکرێ و، بەرە بەرە شوێنی خۆی دەگرێ. ئەم رووداو و هەڵکەوتانە، لەبەختی شڕی کورد، بەسەر زمانی کوردی نەهاتوون. ئەم باسەشم بە تێروتەسەلی و بەزمانی ئینگلیزی، لەسەمینارێکدا لەژێرنێوی "زمانی کوردی، لەزمانێکی دەفۆکییەوە بۆ زمانی نووسین"، لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا پێشکێشکرد، لەلایەن زانستگەی سۆربۆنی (پاریس) وە، کە لە ١٩٩٣/١١/٢٨ دا بەسترا، لەژێر نێوی "زمانی کوردی بەرەو ساڵی دوو هەزار". ئەم سەمینارە لە ئینگلیزییەوە، لەگەڵ سەمینارێکی دیکە کە بەزمانی ئەڵمانی لە "جڤاتی کورد لە بەرلین" لەژێرنێوی "کورد، مێژوو و کولتووریان" لە ١٩٩٧/٩/١٩ دا پێشکێشمکردووە، کراون بە کوردی و بە تیپی لاتینی و، لەلایەن بنکەی چاپەمەنیی "ئاڤێستا" وە لە ئەستەموول، لەیەک بەرگدا و لە بەهاری ئەمساڵدا بڵاوکراونەتەوە.

راستە، ئەم شێوەنووسینەی کە بەهەڵە نێویانناوە "سۆرانی" لەسەتەی رابوردووەوە، بەتایبەتیی لەپەنجاساڵی دواییدا، بەخزمەتی تاکەکەسی، تا هەندازەیەک پێشکەوتووە، بەڵام نەگەیشتووەتە ئەوەی کە بووبێتە ستاندارد، تاکو بسەپێندرێ بەسەر ٤٠ ملیۆن کەسدا، بەتایبەت، چونکە ٢٠ ملیۆن کورد هەن، ناتوانن بەم رێنووسەی کە ئەم "سۆرانی" یەی پێدەنووسرێ بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵی رابێن وچێژی ئەو وێژە بەرزە بکەن کە بەم شێوەزارە نووسراوە. ئێدی چۆن

فێربین؟ فێربوونی ئەو ڕێنووسەش بۆ خەڵکی باکوور لەم ڕۆژەدا، نەبوو نەکراوە.

هێژای گۆتنە، هەر پاش بڵاوبوونەوەی تکانامەی ئەو ٥٣ کەسە کە درابوو بە کاربەدەستانی حکوومەتی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و حیزبەکان، ژمارەیەک وتار لەو بارەیەوە بڵاوبوونەوە، کە هێندێکیان بۆ پشتگیریی ئەو تکانامەیە بوو، کە لە بەشێکیاندا، تەنانەت سووکایەتیش بەخەڵکی بەرۆمەت و زەحمەتکێشی بادینان و باکووری کوردستانیش کرابوو، کە ئەوەش دیارە سێرەی ڕۆشنبیری و پلەی نیشتمانپەروەریی ئەو کەسانە پێشاندەدا کە خۆیان کردووە بە دەمڕاستی کورد. لێرەدا نامەوێ هەموو ئەو قسە ناشرینانە بهێنمەوە پێش چاو، لێ هێندە دەبێژم، لەوتاریکی دووروودرێژدا، کە لە چەند ماڵپەڕێکدا بڵاوکرابووەوە، یەکێک، وەک مەلاکانی سەردەمی عوسمانی، کە قسەکانی خۆیان بەمەبەست، بەوشەی عەرەبی دەئاخنی، ئەمیش، بێ چاوینی بێ، پلار و توانجەکانی بە گەلێک وشەی ئەورووپایی سواخ دابوو، وەک "ئەرگیومەنت" و "مۆتیڤ" و چی و چی و، خێراخێراش، قسەی هێندەک ئەورووپایی تێخستبوو، بۆ ئەوەی پێمان بسەلمێنێ کە کوڕە باشەکە، خوێندەواریی ئەورووپایی هەیە و، سڵێشی لەوە نەکردبووەوە کە ئەوانەی بیر لە یەکێتیی زمانی کوردی دەکەنەوە و، زمانی کوردی بەیەک زمان دەزانن و، نەتەوەی کورد بە یەک نەتەوە، بە "پان کوردیست" نێوببا. کە ئەم وشەی "پان کوردیست" ە، بۆ یەکەمینجار و، لەکۆتایی شەستەکانی سەتەی ڕابوردوودا، سیخوڕێکی ساواکی سەردەمی شای لێخراوی ئێران، بەنێوی خواستەمەنیی "ماکان" ەوە، لە نامیلکەیەکدا کە بەزمانی فارسی دژی کورد نووسیبووی، لەژێر سەرنێوی "افسانە خلقهای ایران" (ئەفسانەی گەلانی ئێران)، ئەم وشەیەی بەکارهێنابوو لەدژی شەهید ئەوڕەحمانی قاسملۆ، بۆ ئەوەی بە مێشکی بۆشی خۆی بیسەلمێنێ کە کورد گوایە نەتەوە نین، بەڵکو هۆزێکن و زمانەکەیان شێوەزارێکی فارسییە و، تەنانەت زاری ترکیی ئازەریشی بەشێوەزارێکی فارسی دابووە قەڵەم. کاکی "ئەرگیومەنت" بازی خۆشمان، دەبێ ئەوە بزانێ، کە ئەم قسانەی وی، لە عێراقچێتییەکی کاڵفامانە بەولاوە، هیچی دی ناگەیەنێ و، کە قسەکانی هێندەک ئەورووپایی، بەڵام بێ بۆنە، دەخاتە نووسینەکەیەوە، با بزانێ کە چەند ساڵێک لەمەوبەر، بیر لە چاکسازییەک کرایەوە لەڕێنووسی زمانی ئەڵمانیدا، بۆ ئەمە، جەرمانیستەکانی ئەڵمانیا و نەمسا و سویسرا و لۆکسەمبۆرگ و ئۆستەرالیا و خوارووی ئەفریکاش، چەند جار و چەند جار کۆبوونەوە و، ماوەیەکی زۆر وتووێژیان لەبارەوە کرد، ئەوەش لەسەر گۆڕینێکی یەکجار کەم و، کەسیش پێینەگوتن "پان جەرمانیست" و، کە بڕیارەکانیش بڵاوکرانەوە، هێندەک قوتابخانە پێی ڕازینەبوون، لە ئەنجامدا، کێشەکە بەناچاری خرایە بەردەم دادگەی بەرزی ئەڵمانیا کە، ماوەیەکی باش پێوەی خەریکبوو و، گوێی لە ڕاپۆرتی گەلێک پسپۆڕان گرت و، پاش دەستکاریکردن، ئەوجا بڕیاریدا لەسەری.

هەر لەو وتارانەشدا، کە نووسەرەکانی، بیانەوێ و نەیانەوێ، قسەکانیان لەهەستێکی عێراقچێتیی، یان ئیسلامچێتییەکی عەرەبانەوە دەرپەڕیوە، دوژمنایەتییەکی زۆر خەست بەرامبەر ڕێنووسی لاتینی پێشاندەدرێت و، نەزانانە هەوڵدەدرێت، وا پێشانبدرێت کە، ئەمە لاساییەکی ئەتاترکییە. هەی قوڕ بەسەر کورد، کە ئەمانە خوێندەوارەکانی بن. ئەم نەزانانە، ئاگایان لە مێژووی ڕێنووسی کوردی نییە. ڕۆشنبیرانی کورد، هەر لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە و، ساڵانێک پێش ئەتاترک، بیریان لەڕێنووسی لاتینی کردووەتەوە. پێشەنگی ئەم کارە ڕەوانشادان محەممەد باشقە (باشگە ـ کە کوردێکی فەیلی ڕۆشنبیر بوو) و تۆفیق وەهبی و ئەحمەد موختارجاف و جەمالی عیرفان و ئەحمەد بەهجەت قەراخی و بەدرخانییەکان و دوکتۆر سەعیدی کوردستانی بوون (کە ئەمی دواییان کوردێکی سنەییی گۆرانی و سەر بە ئاینی دیانی بوو). بەڵام ئەوە بوو، داگیرکەرانی عەرەب لە عێراقدا کە عەرەبایەتی و ئیسلامەتییان کردووە بە یەک شت و، وەک کوتەکێک بۆ لێدانی کورد بەکاریدەبەن، بە "ئەرگیومەنت" ی ئیسلامچێتیی لەدژی وەستان و، ڕێیانەدابێی. ئەمەیان وا و، هەڵبژاردنی ئەلفوبێی لاتینی، لەجیاتی ئەلفوبێی ڕۆژهەڵاتی، بۆ نووسینی کوردی، لەبەر ئەوە نییە کە کورد خۆی لە عەرەب جیابکاتەوە، یان ئێدی نەتوانێ قورئان بخوێنێتەوە، وەک ئەمان دەبێژن. قورئان بەزمانی عەرەبییە و دیارە کورد تێیناگەن، لەبەر ئەوە دەبێ بکرێ بەکوردی و، بە کوردی بخوێندرێتەوە و، بە مێشکێکی کوردی، لێکبدرێتەوە. زمانی کوردیش، وەک زمانی عەرەبی و هەر زمانێکی دیکە، خوا ئەفراندوویەتی و هیچی لە زمانەکانی دیکە کەمتر نییە. بێجگە لەوەش، ئەو ئەلفوبێیەی کە پێیدەگوترێ "ئەلفوبێی عەرەبی و ئیسلامی"، نە ئەلفوبێی عەرەب بووە و نە هی ئیسلام.

ئەلفوبێی عەرەبی، وەک لە چل ساڵ لەمەوبەرەوە گوتوومە، لەبنەڕەتدا ئەلفوبێی ئارامیی جوولەکەکان بووە، پاشان بە گۆڕانێکەوە بوو بە ئەلفوبێی عارەبە بتپەرستەکان. لەمەش بترازێ، کاتێک گەلێک دەیەوێ، ئەلفوبێیەک بۆ زمانەکەی خۆی دیاریبکات، ناچێ لە خۆشەویستی، یان لەڕکی کەس، ئەوکارە بکات. خۆ ئەگەر ئەوە بکات، ئەوە گەمژەیەتییە، وەک گەمژەیەتیی بەربەرەکانێی ڕێنووسی لاتینی بۆ زمانی کوردی، بە "ئەرگیومەنت" ی بێ وەجانە. بۆ ڕێنووسی کوردی، دەبێ ئەلفوبێیەک هەڵبژێردرێ کە فێربوونی سووک و هاسان بێ و، لەگەڵ دەنگناسی و ڕێزمانی زمانەکەدا باش بگونجێ و، خاڵ و چوکڵەی کەم بێ و، وێنەی دەنگەکانیشی، بەپێی شوێنیان لەوشەدا، نەگۆڕێ، یان زۆر کەم بگۆڕێ. واتە : ف، ڤ، چ، ح، خ، ب، ت، ... هتد، هەر یەکەیان بە چوار وێنە نەنووسرێن (لەسەرەتادا، لەنێوەڕاستدا، لەبنەتادا، بەتەنێ و هەر یەکە بە جۆرێکی دی ...) دە ئەو ئەلفوبێ هاسانە گونجاوە بۆ زمانی کوردی، ئەلفوبێی لاتینییە، نەک ئارامی. بێجگە لەوەش، دەمێکە پێشنیازی ئەوەم کردووە، کە لە جیاتی C و S ی چوکڵە لەژێر، بۆ چ و ش، Ch و Sh بنووسرێ و واز لە بزرۆکە (i) بهێنرێ و ئەو (i) یە لە جیاتی (ی) بەکاربرێ لە کاتێکدا کە ێ بەدوو ee بنووسرێ. شایانی باسە، ٢٠ ملوێن کوردی باکوور، نە ئەو بوارەیان هەیە و، نە ئەو هەلومەرجەیان بۆ ڕەخساوە، کە بچن فێری ئەم تیپە ڕۆژهەڵاتییە ببن، تا بتوانن نووسینەکانی خەڵکی باشوور و ڕۆژهەڵات بخوێننەوە و شارەزای ببن. بەدڵنیاییشەوە دەبێژم، تا ئەلفوبێی کوردی، لەسەر بنچینەی ڕێنووسی لاتینی بیرازکراو، یەکنەخرێ، باسی نێزیککردنەوەی شێوەزارەکان لەیەک و زمانی ستاندارد، هەروەک دەوەن بە ئاش وایە. مەبەستیشم لەمە، ئەوە نییە کە دەستبەجێ ماڵئاوایی لەم ئەلفوبێ ڕۆژهەڵاتییە بکەین، بەڵکو دەڵێم، شانبەشانی ئەوە، ئەلفوبێی لاتینیی چاککراو (دەستکاریکراو و بیرازکراو) بهێنینە کایە و پێی بنووسین.

لەبەر ئەوە، سەپاندنی شێوەنووسینێک وەک ستاندارد، لەکاتی ئێستەدا و، بەتایبەتی، کە گەلێک کاری چارەنووسساز هەن چاوەڕوانی ڕاپەڕاندنن، وەک: کێشەی کەرکووک و نێوچە داگیرکراوەکانی دیکە و، پشتگیریی خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاڤای کوردستان و، بەدەنگەوەهاتنی داخوازییەرەواکانی خەڵکی هەرێمی باشوور لەدژی گەندەڵیی بەڕێوەبەرێتی و، هەوڵدان بۆ ناساندنی ئەنفال و چەکی کیمیایی بە گەلکوژیی لە کورد و، دەستنیشانکردنی هەڵوێستی کورد بەرامبەر پەیماننامەی زێرەڤانی، کە ئەمریکا دەیەوێ لەگەڵ عێراق بیبەستێ و، بەرگریی بۆمبارانکردنی سنوورەکانی باشووری کوردستان لەلایەن ڕژێمی ترک و فارسەوە و، بەربەرەکانیی ڕەشەکوژی لە ژنان و .. هتد، ئەوا، خەریککردنی خەڵک بەکێشەی زمانی ستانداردەوە، بێئەوەی هیچ ئامادەکارییەک کرابێ بۆی، لەزیان بەولاوە، هیچ ئەنجامێکی دیکەی نابێ. خۆ ئەگەر کورد هەموویان، هەر لە عێراقدا بوونایە، یان هەر هەموویان لە عێراق و ئێراند بوونایە، دەکرا ئەم شێوەنووسینە، بە هێندەک چاکسازییەوە، بکرێ بەزمانی ستاندارد. ئەگەرچی شێوەزاری دیکەش هەن لەم دوو وڵاتە، بەڵام ڕێنووس لەهەر دوولا یەکە و، ماوەیەکی زۆریشە ئەم شێوەنووسینە، لە هەردوو لادا بەکار دەبرێ.خۆ ئەگەر بهاتایە و کورد هەموویان، لەسنووری یەک دەوڵەتدا بژیانایە و، هەموو شارەزای یەک ئەلفوبێ و ڕێنووس بوونایە و، شێوەزارێکیان، زمانی زانست وتەکنیک و هونەر و وێژە بوایە، ئەوانی دیکەش دەڤۆکی (سەرنج: دەڤۆکی وشەیەکی دیکەیە بۆ دەمۆکی دەڤ/دەم ە) بوونایە، ئەوا ئەو دەمەش هەردەکرا، ئەو شێوەزارە بکرێتە زمانی دیوانی. بەڵام کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی دابەشکراوە و، سنووری پارچەکانی وڵاتەکەی بە تانک و تۆپ و لەشکر گیراوە و، دەسەڵاتی هەرێمی "سێ باژێریش"، نامەخوا، لەو سێ شارە تێپەڕ ناکات و، حەڤدەساڵیشە هیچ ئاوڕێک لەزمانی کوردی نەدراوەتەوە و، پێنج ساڵیشە لە کەرکووکدا، دوو جۆرە پەرتۆک و، دوو جۆر پەروەردە پێڕەودەکرێن و، حیزبحیزبێنە و بنەماڵەپەرستی، دۆکەی کوردی بەتەواوی ترش کردووە. ئێدی ئەم داخوازییە بێسەروبەرە کە، بەرەوڕووی دەسەڵاتی هەرێم کراوەتەوە، تا فەرمانی بۆ دەربکات، لە خەیاڵی خاو بەولاوە چیدیکە نییە و، خۆ ئەگەر بکرێ، ئەوا دەبێ کورد خۆی بەدەستی خۆی، سنووری زمانەکەی و وڵاتەکەی تەسک بکاتەوە، ئەو دەمە زمانی کوردی بەرەو "دووزمانی" و "چەندزمانی" یش دەچێ.

ڕاستییەکەی، ئەگەر بێتو، ئەو شێوەزارەی کە نیویاناوە "سۆرانی"، بەم ئەلفوبێیەی ئێستەی و بێ بەکارگرتنی ئەلفوبێی لاتینی بیرازکراو و، بەبێ یارمەتی شارەزایانی هەموو شێوەزار و بنزارەکان، بسەپێندرێ بەسەر هەرێم و کورددا و، پشت بکرێتە هەموو کوردەکانی باکوور ورۆژاڤا، ئەو دەمە دەبێ ڕژێمی ترک وسووریا زۆر سوپاسی ئەوانە بکەن کە بوونەتە هۆی ئەم کارە دزێوە و، پشتیان

**کردووەتە هاونەتەوەکانی خۆیان لە باکوور و ئەنادۆڵ و ڕۆژاڤا و، کەوتوونەتە براکوژیی زمانی.**

کاتی خۆی، ستالینی تیرۆریست و ئەنفال لە کوردکەر، لەبەر خاتری ڕژیمی ترک، ئەلفوبێی ڕووسیی سەپاند بەسەر کوردەکانی کوردستانی سۆردا و، نەیهێشت بە ئەلفوبێی لاتینی بنووسن، نەبا کوردەکانی باکوور، سووت لە بەرهەمی کوردەکانی بندەستی سۆڤێت ببینن. ئەم ٥٣ کەسەش، ئێدی بزانن، یان نەزانن، هەر بەو ڕێیەدا هەنگاو دەنێن کە ستالین نەخشەی کێشابوی. خۆ ئەگەر چەلادەت بەدرخان کە ئێستە کۆنە دەروێشەکانی ستالین دەڵێن "سیخوڕ" بووە، ئەو ئەلفوبێ لاتینییەی دانەهێنایە و، زمانی کوردی بە تیپی ئارامی دەستکاریکراو بنووسیایە، ئەوا ئەمڕۆ کوردەکانی باکوور، بێ نووسین و بێ خوێندەواریی کوردی دەمانەوە. لەبەر ئەوە، لێرەشدا ڕووی گلەیی و گازندەم لە مرۆڤە دڵسۆزەکانیانە، چۆنکە ئەوانی دی، وەک فارسەکان دەبێژن "معلوم الحال" ن، ئەی باشە، ئەمانە نەبوون کە خەریکی ئەوەبوون، مارشی کوردستان و ئاڵای کوردستان بگۆڕن؟ ئەی لەو ڕۆژانەدا، لە حەفتەنامەی "میدیا" دا، پێشبینی ئەوەمنەکرد کە سەرەش دێتە سەر زمان و نەمنووسی: "هەرەسهێنانیش بەکۆشکی داڕووخاوی زمانی کوردی، کە بە ڕێکەوت چەند کوڵەکە و نێرگەیەکی لەجێی خۆیدا ماون، بۆ ئەمەش "خوا کەریمە .... هتد" (وتاری "زیندووکوژی مردوو پەرست" "میدیا" ژ ٢٣٨، ڕێکەوتی ٢/٥/٢٠٠٦) .

زمانی کوردی، هەر کرمانجیی باکوور و ناڤینی نییە، بەڵکو شێوەزارەکانی گۆرانی – کرمانجکی (زازایی) و کرمانجیی باشوور و لوڕی (فەیلی و کەلهوڕی و ... هتد) و گەلێک بنزاری هەیە کە، هەموویان سەرمایەی ئەم نەتەوەیەن و، دەبێ هەموویان تۆماربکرێن و سووت وەربگیرێ لێیان بۆ هێنانە بوونی زمانی ستاندارد. لە پەرتوکی "وشەنامەکی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی" دا کە لە ٢٠٠٧ وە لە ماڵپەڕەکانی "کوردبوون" و "کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان" و "میدیا" و "پەرتۆکخانەی کوردی" دا هەیە، پێشنیازی دانانی ئینسیکلۆپیدیایەکی زمانی کوردیم کردووە کە، لەڕێی ئینتەرنێتەوە بکرێ و، هەموو شێوەزار و بنزارەکان بگرێتە خۆی و، هەموو نەتەوەی کورد لە دروستکردنیدا بەشداربێ. بێجگە لەوەش، دەبێ لەهەموو قوتابخانە سەرەتایی و نێوەندی و دوانێوەندییەکانی ئەو شوێنانەدا کە بەدەست کوردەوەن، زمانی کوردی، هەموو ڕۆژێک، بەلانی کەمەوە، دوو دەمژمێر بخوێندرێ و ئەو پەرتۆکانەی کە ئامادە دەکرێن، دەبێ هەموو شێوەزارەکان، بەڕێزمان و وشەناسییەوە، بەشێوەیەکی بەراوردکراوانە و پلەپلە، فێری قوتابیان بکەن. ئەوجا کە زمانی ستاندارد، زانایانە و لەسەرخۆ و، بە ڕەچاوگرتنی لایەنە ڕەسەنەکانی هەموو شێوەزار و بنزارەکان و، لەسەر بنچینەی ڕێزمانێکی یەکگرتوو، دروستکرا، کە ئەم دەستپێشکەرییە دەبێ لە باشووری کوردستانەوە سەرهەڵبدات، ئەو دەمە دەبێ لەهەموو قوتابخانەکاندا بخوێندرێ و پەرتۆکەکان بەو زمانە بنووسرێنەوە، بەڵام مامۆستاکان کەڵک لەشێوەزاری ئەو شوێنانە وەربگرن کە وانەی تێدا دەڵێنەوە و، بەو شێوەزارانە، بابەتەکان لە قوتابییەکان بگەیەنن، هەتا زمانە ستانداردەکە بەتەواوی جێی خۆی لەنێو کۆمەڵگەکەدا دەگرێ. بۆ ئەمەش دەبێ مامۆستاکان بەر لەوە، بەهۆی کۆرسی تایبەتییەوە بۆ ئەم کارە ئامادە کرابن. کورت و کرمانجی؛ سەپاندنی ئەم شێوەنووسینەی کرمانجیی ناڤین، لەم کاتەدا و بەم شێوەیەی ئێستەیی و، بەم ڕێنووسەی ئێستا، چەند کارێکی دزێوە، ئەوا پێڕەویکردنی "جووت ستاندارد" یش، ژەهرێکە بۆ نەتەوەی کورد، دەبێ خۆمان لەهەردووکیان بپارێزین.

**چینی هوردە بۆرژوای خوێندەواری کورد ، ئەمە پەنجاساڵ پترە، وانەی دوژمنایەتیی نێوخۆیی و حیزبحیزبێنە و نێوچەگەرێتی دەدا بەگوێی کوردی بەشخوراو دا، ئەوە بوو کوردی گەیاندە شەڕی براکوژی، کە لەڕاستیدا کوردکوژی بوو (وەک کاک مەسعوود بارزانی، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، ڕاستەوخۆ دانی پێدانا، ئەگەرچی، بەداخەوە، ئامادە نەبوو، بەرپرسیارێتییەکەی بگرێتە ئەستۆ) ئەو شەڕە چەپەڵە، هەزاران کوردی بێ گیان کرد و، گەلێک دەرفەتی لەدەست کورد دا، کە جارەکی دی ناگەڕێنەوە. ئێستەش بەتەمایە، لەو براکوژییە گیانییەوە، بکەوێتە هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕی براکوژیی زمانی، بەڵام با دڵنیا بێ کە ڕێی پێنادرێ و، ئەو دەستە چیلکەیەی کە ئامادەی کردووە بۆ کردنەوەی ئەم ئاگرە، هەر خۆی دەسووتێ پێی و تفونەحلەتی ڕۆژگاریشی بەردەکەوێ.**

**کێشەی زمانی کوردی کێشەیەکی نەتەوەییە، نەک نێوچەیی و حیزبی بە تێکۆشینێکی زانستانە و، هۆشیارییەکی ڕۆشنبیرانە و گیانێکی نەتەوەیی و دەسەڵاتێکی نەتەوەیی چارەسەر دەکرێ، ئەمەش لە هەلومەرجێکی لەباردا، نەک لەڕۆژی ئەمڕۆ و، لەم بارودۆخەی نهۆدا کە کوردی کوڵۆلی تێکەوتووە.**

**بەرلین: ٢٠٠٨/٦/٦**

# یاداشتی یەکێتیی لاوانی گەلی کورد بۆ کۆنگرەی گەلانی ئاسیا – ئەفریقیا

## لەساڵی ٢٦ – ٣١ ی کانوونی یەکەم (ساڵی ١٩٥٧)

نووسینی: محەممەد شەیدا



لەکاتی ئەو ڕووداوە گەورانەی کە ئەمڕۆ بەسەر جیهاندا دێت و، لە کاتێکدا کە گەلان بەرەو سەربەستی دەچن و لەژێر دەسەلاتی ئیمپریالیزم خۆیان ڕزگاردەکەن و، خەباتی بێوچان دەکەن لەپێناوی ڕزگاری و سەربەخۆییدا، کۆنگرەی گەلانی ئاسیا – ئەفریقا دەبەسترێ، لەپێناو گەڕاندنەوەی هیوا بۆ ملیۆنان کەس لە ئەندامانی گەلە جیاجیاکان لەگەلیک وشوێن ونێوچەی ئەم جیهانەدا. هاوکات ئاڵوگۆڕکردنی هاوکاری لەنێوان ئەم گەلانەدا دژ بە ڕژێمەکانی ئیمپریالیستیی، کێشەیەکە لە پێویستترین کێشەی ئەمڕۆ، کە سوورن لەسەری.

ئاشکرایە، کە مەنتقی ئیمپریالیزم نایەوێت تێبگا لەم سەردەمەی کە هەستی نیشتمانپەروەری بەشێوەیەکی گشتیی لەنێو هەموو گەلانی جیهاندا سەریهەڵداوە و، بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە لووتکە. لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی هەر هەرێمێک لەلایەن وڵاتانی ئیمپریالیستییەوە، گەلەکەی خەبات دەکا لەپێناوی ڕزگارکردنی خاکەکەی و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ گەلەکەی، کە ئەمەش کەوتووەتە زیمەتی مێژووەوە، چونکە پێشکەوتن و گۆڕانی مێژوو بوو، کە دەسەلاتی ئیمپریالیزم و مانەوەی ڕەتدەکاتەوە و، ڕێ لەبەردەم بیری ڕزگاریخوازیدا بەرینتر و فراوانتر دەکات.

گەلی کورد، هەلی بەستنی کۆنگرەی گەلانی ئاسیا – ئەفریقا دەقۆزێتەوە بۆ تا سڵاو و پەیامی خۆی بەرزبکاتەوە بۆ گیانی ئەو یەکێتییەی کە گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و گشت گەلانی جیهان کۆدەکاتەوە، لەپێناوی فراوانکردن و پەخشانی ئاشتی و برایەتیی لەنێوان هەموو گەلاندا و، قەڵاچۆکردنی هەموو پرۆژە نێوەندە دژوارەکانی، کە گەلان دەترسێنێ، بەشێوەیەکی نارەوا کە نموونەیەکی بەرزە ئەو کۆنگرەیە لەپێناویدا دەبەسترێ. گەلی کوردمان باوەڕێکی تەواوی هەیە بەو هۆکارە باشانە کە پاڵیاننا وە بە گەلانی برای ئاسیا و ئەفریقاوە بۆ کۆبوونەوە لەپێناوی چۆنێتیی هاوکاریکردن لە پێناو وەکیەکی و هاوکاری گۆڕەپانی ئەو بەرژەوەندییەدا کە یەکی پێدەگرێ لەم بارودۆخە ناهەموارەدا، زیاتر وەک هەموو کاتێکی دیکە، ئەمەش هەمووی لەژێر دروشمی ڕێزگرتن لە مافە مرۆڤییە بناخەییەکان و مەبەست و بیروباوەڕی بروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و، مافی گەلان لە خودموختاریدا خۆی بەخۆی خۆی.

هاوکاری گەلانی جیهان لەپێناوی ڕەتکردنەوەی زۆرداریییەکانی ئیمپریالیزم و هەڵوەشاندنەوەی پیلانە چەپەڵەکانی، گرنگترین ڕوخساری ئەم سەردەمەی ئیستایە و، ڕوخساری سەرەکییەکە ڕووی ئەمڕۆمان بە سروشتی دادەپۆشێ لە یەکگەیشتن لەنێوان گەلاندا بەرادەیەکی بەربڵاو و، لەکاتی بەستنی کۆنگرەی باندۆنخ (١٨ی نیسانی ١٩٥٥)، گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی گەلی کورد هەستیانکرد کە کێشەکانیان چووەتە قۆناخی ململانێی توندوتیژەوە لەپێناوی ڕزگاربوون لەژێر دەسەلاتی ئیمپریالیزم و ڕزگاریی یەکجاریی. ئەم بیروباوەڕە چەسپاوە بوو کە پاڵی بە گەلی کوردەوە نا کە بەرزترین و جوانترین هیوای خۆی بەرزبکاتەوە بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەی گەلانی ئاسیا – ئەفریقا. ئەوەی هانی کورد دەدات بۆ دەربڕینی هەستی

قووڵی بەرامبەر ئەم کۆنگرەیە، ئەوەیە کە گەلی کورد هیوادارە بەستنی ئەم جۆرە کۆنگرانە ببنە هەوێن و یارمەتیدەرێک بۆ لابردنی گرژی و ئاڵۆزی لەجیهان و، فراوانکردنی پێوەندیی مرۆڤانە لەنێوان گەلە جیاجیاکانی سەرڕووی زەوی.

بیروباوەڕ و ئامانجەکانی "کۆنگرەی باندۆنغ" کە لە بەرژەوەندیی گەلانی ئاسیا – ئەفریقا هەڵقولاوە، هیوا و ئامانجی کوردی بەتەواوەتیی دەربڕیوە و، کەلێنی باوەڕی فراوانی بۆ کورد کردووەتەوە و، گەلی کورد گەشبینانە دەڕوانێتە دواڕۆژی ڕۆناکی خۆی و، پەرەپێدانی خەباتی لەدژی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ئەمپریالیستی لەنێوچەکە و، پەیمانە نگریسەکانیان لەوانە "پەیمانی بەغدا"، کە گەلی کوردی داناوە بە دوژمنێکی نێوخۆیی خۆیان.

بیروباوەڕی ڕێزگرتن لە سەروەریتی و یەکێتیی خاکی هەموو نەتەوەیەک، لەسەرووی داواکانی گەلی کوردە کە لەپێناویدا خەبات دەکات. داننان بە یەکسانیی لەنێوان هەموو نەتەوە و ڕەگەزەکان، بە ژمارە گەورە و بچووک، مەبەستی سەرەکیی نەتەوەی کوردە کە خەباتی بۆ دەکات. مێژووی نوێی گەلەکەمان ئاشکراترین بەڵگەیە بۆ ئەوە و، گەلەکەمان دەیان هەزار قوربانییداوە لەڕێی ئازادی و یەکگرتنی خاک و ڕێزگرتنی سەروەری و داننان بە یەکسانیکردنی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە. گەلی کورد، لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە ڕوودەکاتە کۆنگرەکە و، بەدەروونێکی پڕ لەڕێزەوە، دڵنیایە کە لێکۆڵینەوە لە کێشە و ستەمکارییەکانی گەلی کورد دەکەن، شانبەشانی ئەو کێشە ڕەوایانەی کە لە خشتەی کارەکانتاندا تۆمارکراوە.

## کێشەی کورد

نیشتمانی کورد (کوردستان) ە. بوونی گەکی کورد لەسەرخاکی خۆی سەلماندوویەتی کە کۆمەڵە خەڵکێکن مێژوو، نەرێت و بەرژەوەندیی هاوبەش و یەککگرتوو، پێکەوە گرێیداون.

گەلی کورد لەنێوچەیەکی ناسراو بەنێوی کوردستان نیشتەجێ بووە و هەیە و، لە بەرەبەیانی مێژووەوە شوێنی خۆی بەجێنەهێشتووە. لەگەڵ ئەو هەموو شەڕ وشۆڕو پێکدادان و داگیرکارییانەی لەسەردەمە دێرینەکانی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتیی بەسەریدا سەپێنراوە، لەگەڵ پیلانەکانی ئەمڕۆکەی ئیمپریالیزم، کە هەندێ دەولەتی خۆرهەڵاتی ژێردەسەڵاتی ئیمپریالیزم جێبەجێیان دەکرد، لەم سەردەمەدا و، سیاسەتی ئیمپریالی توانی کوردستان دابەشبکات بەسێ نێوچە و بیانخاتە سەر سێ دەوڵەتی خۆرهەڵاتی وەک ئێران و تورکیا و عێراق.

گەلی کورد، باوەڕێکی تەواوی هەیە کە زەمیر و ویژدانی نوێنەرانی ئامادەبووی ئەم کۆنگرە سەرکەوتووە، قبووڵی ئەوە ناکات کە (١٢) ملیۆن کورد، کە لە جیهاندا نەتەوەیەک پێکدێنن، بە کۆیلەتی و، لەژێردەستی ڕژێمەکانی ئێران و عێراق و تورکیادا بمێننەوە، کە نۆکەر و بەکرێگیراوی وڵاتانی گەورەی ئیمپریالیستن. مێژووی گەلی کورد، دەیسەلمێنێ کە نەتەوەی کورد، خاوەنی نیشتمانی خۆیەتی کە نێوی کوردستانە و، هیچ جیاکەرەوەیەکی سروشتی، یان نەتەوەیی نییە کە بەش و پارچە لەتوکوتکراوەکەی بە دابەشکراوی بمێنێتەوە، کە یەکێتییەکی مێژوویی، زمانی و ئابووری و جوگرافیایەکی یەککگرتوو پێکیدێنێ. گەلی کورد دەنگی خۆی دەگەیەنێتە کۆنگرە بەنرخەکەتان، بۆ ئەوەی جیهان لە نێوەڕۆکی بارودۆخی سیاسیی خۆی بگەیەنێت و، هاوکات گەلانی جیهان لە خەباتی بێوچانی خۆی بگەیەنێ، کە بە هاوبەشیی لەگەڵ گەلانی زۆرلێکراو و، ئازادیخوازی جیهان، دژ بە زۆرداری و پیلانگێڕیی ئیمپریالیزم ئەنجامی دەدات. هیچ هێزێکیش نییە، بتوانێ ڕێ لە خەباتی ڕەوا و ڕاستی گەلان بگرێ، کە لەپێناوی دروستکردنی شارستانێتی و خزمەتی مرۆڤایەتی و، بۆ پێشکەوتنی جیهان ئەنجامدەدرێت.

## کورد و ئیمپریالیزم!

گەلی کورد، ویستی خۆی دەربڕیوە و، بە نواندنی ئازایەتی و لەخۆبوردووییەکی زۆرەوە، لەدژی ڕژێمەکانی وابەستە و بەکرێگیراوی ئێران و عێراق و تورکیا، دەیان شۆڕشی ڕزگاریخوازیی هەڵگیرساندووە. کوردستان لە ڕووی جیۆپۆلیتیکەوە، لەنێوچەیەکی گەلێک گرنگ هەڵکەوتووە و، خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز و دەوڵەمەندە. لەبەر ئەوە، وڵاتانی ئیمپریالیست دەیانەوێ نیشتمانەکەی بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە. لەپێناو پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیی خۆیاندا، ڕێ لەبەردەم هەڵگیرسانی هەموو بزووتنەوەیەکی

رزگاریخوازیی کورددا دەگرن و، پارمەتی و هاریکاریی رژێمەکانی داگیرکەری دەکەن. بوونی نەوت لە زۆر لە نێوچەکانی کوردستان، وەک کەرکووک و ئامێد (دیاربەکر) و کرماشان و خانەقین و .. هتد، رۆڵێکی گەورەی هەبووە بۆ راکێشانی کۆمپانیا و مۆنۆپۆڵەگەورەکان، کە وەک سەرچاوەیەکی ئابووریی بەهێز سەیری کورستان بکەن. لەبەر ئەوە، بەهەموو توانایانەوە پشتگیریی سەربازی ولۆجستیکی بە وڵاتانی داگیرکەری تورکیا و ئێران و عێراق دەکەن، بۆ ئەوەی هەموو راپەرینەکانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لەسەر خاکی خۆی لەنێو بەرن. لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیاندا بوو کە لەم ساڵانەی دواییدا ئاشکرا بوو کە مەبەستیان ئەوە بوو، کوردستان وەک بنکەیەکی شەڕی سێیەمی جیهانیی بەکار بهێنن.

بەڵێ، بەرژەوەندیی ئابووری و رامیاری و ستراتیژی ئیمپریالیستیی، تا ئێستاش کاردەکا و، بەشێوەیەکی ناڕەوا هەوڵدەدات بۆ کۆکردنەوەی هێزی کۆنەپارێز لەنێوچەکە، بە مەبەستی هێشتنەوەی ئەو بارودۆخەی کە گەلی کورد دژی دەجەنگێ. بەڵام کورد هەستی بەو راستییە کردووە و، لەو راستینەیە باش گەیشتووە، کە لەئەنجامدا سەرکەوتن بەدەست دێنێ و، شانبەشانی گەلانی بندەست و زۆرلێکراوی دیکە، هێزی کۆنەپەرستی و داردەستەی ئیمپریالیستیی لەنێوچەکە بەتەواوەتیی تێکدەشکێنێ.

## کورد و پەیمانە دەوڵەتییەکان

گەلی کوردمان، وەک هەموو گەلێکی خۆرهەڵاتیی، باوەڕی هەبووە بە پەیمانە دەوڵەتییەکان وەک "پەیمانی سێڤر" و .... هتد، کە دەتوانرا بەهۆیەوە هەندێک لە ئامانجەکانی جێبەجێ بکات. پەیمانی سێڤر لەڕۆژی ١٠ی ئابی ١٩٢٠، لەنێوان تورکیای شکاو لە روویەکەوە و، دەوڵەتە سوێندخواردووەکان لە رووی دیکەوە مۆرکرا، لەمادەی ٦٢، ٦٣ و ٦٤، لەبەشی سێیەم کە پێبەندە بە کوردستانەوە، بڕیار لەسەر ئەمانە دەدات:

### مادەی ٦٢:

**لێژنەیەک کۆدەبێتەوە کە بنکەکەی شاری ئەستەمۆڵە و پێکهاتووە لە ئەندامی سێ حکوومەت و، حکوومەتی ئینگلیز و فەرەنسا و ئیتالیا دایدەنێن. لەماوەی شەش مانگدا پاش ئەوەی پەیمانەکە دەخرێتەکار، پرۆژەی کارگێری مەڵبەند دایدەرێژێت و، ئەو نێوچانە دەگرێتەوە کە زۆرترینی دانیشتوانەکەی کوردن، لەرۆژهەڵاتی "فورات" ە وە درێژ دەبێتەوە بۆ باشووری سنووری ئەرمەنستان، کە لەدواییدا دیاریدەکرێت. باکووری سنووری تورکیا کە سەرسنووری سووریا و هەردوو رووبارەکەیە. هەروەها لەبەندی ٢٧ – ٢ (٢) و (٣) دیاریکراوە، ئەگەر بەکپمەڵ رایان نەدا لەسەر کێشەیەک لە کێشەکان، هەر یەکێک لە ئەندامی لێژنەکە، کێشەکە دەخاتە بەردەستی حکوومەتەکەی و پێویستە پرۆژەکە، پاراستنی کەمایەتییەکانی ئاسووری و کلدانی و رەگەز، یان کەمە ئاینییەکانی دیکە مسۆگەر بکات کە دەکەونە چوارچێوەی ئەم خاکەوە.**

**لە پێناوی ئەم مەبەستەدا، لێژنەیەک لە نوێنەرانی ئینگلیز و ئیتالیا وئێران و کورد، دەنێردرێن بۆ ئەو نێوچە دیاریکراوە و، بڕیاری گۆڕانکاریی دەدات، ئەگەر پێویستی پێبکات. پێویستە ئەم کارە لەسنووری تورکیادا بکرێت کە پێبەندە پێوەی، بەپێی بەندەکانی ئەم پەیماننامەیە کە بەپێی ئەوە ئەو سنوورە بکەوێت و بگونجێ لەگەڵ سنووری ئێراندا.**

### مادەی ٦٣:

**بەم شێوەیە، حکوومەتی تورکیا قبووڵی ئەمە دەکات و، بڕیاری هەردوو لێژنە دیاریکراوەکەی مادەی (٦٢) جێبەجێ دەکات لەماوەی سێ هەیڤدا، پاش ئەوەی کە حکوومەتە نێوبراوەکەی لێ ئاگاداردەکرێتەوە.**

### مادەی ٦٤

**لەماوەی ساڵێکدا، پاش ئەوەی ئەم پەیمانە دەخرێتەکار، ئەگەر گەلی کورد کە نیشتەجێیە لەنێو ئەو خاکەی کە لەمادەی (٦٢) دا دیاریکراوە، داوایەک بەرزبکاتەوە بۆ (عصبة الامم)، بەشێوەیەکی وا دیاریکرابێ کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو نێوچەیە ئارەزووی جیابوونەوە و سەربەخۆیی دەکات لە تورکیا و، ئەگەر (عصبة الامم) سەیری گەلی کوردی کرد، کە شیاوی ئەم جۆرە جیابوونەوەی هەیە، ئەنجومەنی (عصبن اللامم) ئەم سەربەخۆییەی دەداتێ و ئامۆژگاریی تورکیا دەکات بۆ جێبەجێکردنی و، دەبێ واز بهێنێ لەهەموو ماف و تایبەتمەندییەک لەو نێوچەیەدا.**

مەرجی وازهێنانی بەپێی رێککەوتنێکی یەکلایەنە دەبێت، لەنێوان دەوڵەتە سوێندخۆرە سەرەکییەکان و، تورکیادا و، ئەم وازهێنانە دەوڵەتە سەرەکییەکانی لارییان لێ نییە و ئەگەر ئەو کوردانەی لەو بەشەی

کوردستان نیشتەجێ بوون، کە سەر بە ولایەتی مووسڵە، تائیستا دەتوانن بەپێی ئارەزووی خۆیان، خۆیان ببەستنەوە بەو حکوومەتە کوردییە سەربەخۆیەی کە بابەتی باسە، بەڵام بەرژەوەندیی دەولەتانی ئیمپریالیست و تورکیا نەیانهێشت ئەو بەندانەی پەیمانی سیڤر جێبەجێ بکرێت، هەر چەندە گەلێک کەم و کورتیشی تێدابوو، هەر چەندە لەپێوەندیی لەگەڵ مافەکانی گەلی کورددا، گەلێک بەستنەوەشی تێدابوو و، لەنێو خۆیاندا لەسەر ئەوە رێککەوتن کە کوردستان بە بەشکراویی بمێنێتەوە، بەپێی پەیمانی لۆزان کە لەرۆژی ٢٤ تەمووز ١٩٢٣ مۆرکرا.

پاش مۆرکردنی پەیمانی لۆزان، لە کوردستانی تورکیادا راپەرینی گەورە بەرپاکرا، بەڵام لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە بەرهەڵستیی دەکرێت و، بەهێز و ئاسن و ئاگر وەرامی داخوازییەکانی کورد دەدرێتەوە. هاوکات، دەوڵەتەکانی ئیمپریالیستی وەک ئینگلیز وفەرەنسا، رۆڵێکی گەورەیان بینی لە دامرکاندنەوەی راپەرینە یەک لەدواییەکەنای کورد لە تورکیادا.

لەساڵەکانی نێوان ١٩٢١ هەتاکو ١٩٣٠، بڵێسەی ئاگری شۆرشی کورد دانەمرکێنرایەوە. لە کوردستانی بندەستی رژێمی تورکیادا گرنگترینی ئەم شۆرشانە شۆرشی ١٩٢٥ ە بە سەرکردەیەتیی شێخ سەعیدی پیران لە نێوچەی دیاربەکر و شۆرشی ئاگری لەساڵی ١٩٣٠ بە سەرکردەیەتیی جەنەراڵی کورد (ئیحسان نووری پاشا).

**کاتی ئەوە هاتووە، گوێبگرین لە باندیت نەهرۆ، ئەوەی روویداوە بۆ کچەکەی دەگێرێتەوە و، دەڵێت: "لەوە پێش گوتم پێت، کە تورکیا بووەتە دەولەتێکی نیشتمانپەروەریی یەکگرتوو. ئەو دەستانەی هاتبوونە نێویەوە، زۆر کەم بوونەتەوە، بەڵام لەخۆرهەڵاتی تورکیادا گەلێک هەن، تورک نین و، لەسەر سنووری نێوان تورکیا و فارس و عێراقدا دەژین. ئەوانە کوردی دێرینن کە بەزمانی ئێرانی دەدوێن و، ولاتیان کوردستانە، کە دابەشبووە لەنێوان تورکیا و فارس وسووریا و عێراقدا. نێوچەی مووسڵی ئەم نەتەوەیە، هەستان بە سازکردنی بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیی لە پاش شۆرشی تورکیا لەساڵی ١٩٠٨. هەروەها نوێنەرانی کورد لە کۆنگرەی رێککەوتنی فرسای، داوای وەرگرتنی سەربەخۆیی نەتەوەییان کرد و، لەساڵی ١٩٢٥ دا بوو کە لەو نێوچانەی بندەستی تورکەکانە، شۆرشێکی مەزنیان هەڵگیرساند. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە بەریتانیا و تورکیا، لەسەر داگیرکردنی ولایەتی مووسڵ، لێکیاندابوو کە نێوچەیەکی کوردنشینە. کەمال ئەتاترک، پاشان زۆر بێبەزەییانە لە کوردەکانی دا و، دادگەی تایبەت (محاکم استقلال) ی دروستکرد بۆ دادگەییکردنیان و بەهەزاران کوردی لەسێدارەدا، کە شێخ سەعید و دوکتۆر فواد و .... هتد، کە بەهۆی بیروباوەڕیان لە پێناو سەربەخۆیی کوردستاندا گیانیان بەختکرد.**

**بەم شێوەیە، تورکەکان لە پێناوی پاراستنی کیان و دەسەلاتی خۆیاندا، گەلی کوردیان قەلاچۆ دەکرد، چۆنکە کورد داوای سەربەستیی خۆیان دەکرد. چۆن دەتوانرێ شۆرشی نەتەوەیەک تا هەتاهەتایە، دابمرکێنێتەوە، کە خەبات لە پێناوی سەربەستبوونی خۆیدا دەکا و، ئامادەیە نرخەکەشی بدات.**

**(المحات من تاريخ العام – لبانديت نهرو – الطبعة العربية ص ٢٥٩ – ٢٦٠).**

لەساڵانی ١٩٣٦ و ١٩٣٧ و ١٩٣٨، کوردەکان لەنێوچەی دەرسیم، بزاڤێکی گەورەیان بەرپاکرد. بەڵام ئەم راپەرینەش لەلایەن ترکە رەگەزپەرستەکانەوە بەرهەڵستیکرا و، دامرکێندرایەوە. بەشێوەیەکی دڕندانە و، بێئەوەی ترک لە خوا بترسێ، بە مەبەستی لەنێوبردنی کورد، هەموو جۆرە چەکێکی قورسی وەک تانک و تۆپ وزرێپۆش و فرۆکە و بۆمبای ژەهراویی بەکارهێنا. گەلی کورد جگە لە داوای ئۆتۆنۆمی و، مافی گەرهەنگی و رۆشنبیری و، پاراستنی زمانی و، چاکرکدنی باری ژیان و، گوزەرانی لەچوارچێوەی ترکیادا، داوایەکی دیکەی نەبوو، بەڵام رژێمی ترکیا بەپێرەویکردنی لە سیاسەتی رەگەزپەرستانە، هەموو داوایەکی مرۆڤیی کوردی پشتگوێ خست. رژێمی ترک، ئەم پێشێلکارییانەشی بە بەرچاوی وڵاتانی هاوپەیمان ئەنجامەدا، کە بەڵێنی دابوو پێیان مافەکانی فەرهەنگی و رۆشنبیریی کورد بپارێزێت. زۆر بەداخەوە، ولاتانی هاوپەیمانیش لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا، لەم پێوەندییەدا سیاسەتی بێدەنگییان هەڵبژارد.

## بارودۆخی کورد لە عێراقدا!

دەبێ بڵێین، ئینگلیز، یەکێک بوو لەو دەوڵەتانەی کە پەیمانی (سیڤر) ی مۆرکرد و، لە هەموو لایەنێک زیاتر بە تەنگ دوارۆژی کوردەوە بوو. چۆنکە نێوچەی کوردستان – دادەنرێت بە نێوچەیەکی دەولەمەند کە "نەوت" ی تێدایە و، هەروەک لە پێشەوە باسمانکرد،

لەبەر ئەوەی لەسەر ڕێگەی سەرەکییە بۆ هیندستان کە بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریی بەریتانیا لەو سەردەمەدا. کاتێک عێراق خرایە ژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی بەریتانیاوە، گەلی کورد لەمانگی گوڵانی ساڵی ١٩٢٠ دا، بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموودی بەرزنجی شۆڕشێکی خۆبەختکەرانەی بە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان دەستپێکرد. ئینگلیز ناچار بوو دان بنێ بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی. لەبەر ئەوە، دەوڵەتی ئینگلیز، بەبەشداری حکوومەتی عێراق، لەڕۆژی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢، ئەم ڕاگەیاندراوە هاوبەشەیان دەرکرد:

**"حکوومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا و دەوڵەتی عێراق، دان دەنێن بە مافی ئەو کوردانەی کە لە سنووری عێراقدا دەژین بۆ دروستکردنی حکوومەتێکی کوردی لەو نێوچانەی کە زۆرترینی دانیشتوانەکەی کوردن. داوا لە سەرۆکەکانی کورد دەکەین، بە زووترین کات پێوەندیی لەگەڵ بگرن و، پێوەکە ڕێکبکەون لەسەر شێوازی ئەو حکوومەتەی کە کورد هەڵیدەبژێرێت. پاش دیاریکردنی سنووری حکوومەتەکەیان، نوێنەرەکانی خۆیان بنێرن بۆ بەغدا بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەبارەی پێوەندیی سیاسی و ئابوورییان بە حکوومەتی بەریتانیا و عێراقەوە".**

بەڵام پاش ئەوەی ئەم دەوڵەتە کوردییە دروستببوو، زۆری نەخایاند کە دەوڵەتی ئینگلیز تێبینیی ئەوەیکرد، دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی، زیان بە بەرژەوەندیی داگیرکەرانەی دەگەیەنێ و، پێویستە ئەم دەوڵەتە کوردییە لاببات. بێگومان ئەوەش بە هاوکاریی دەسەڵاتدارانی عێراقی بەکرێگیراویان ڕوویدا و، دەوڵەتە کوردییە ڕووخێندرا. دوا بەدوای ئەوە، کورد بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی بەرپاکرد و، بەدرێژایی سالەکانی ١٩٢٥ هەتاکو ١٩٤١ شەڕ و پێکدادانی کوردان لەدژی هێزەکانی داگیرکەر بەردەوام بوو. ئەوجا لەساڵی ١٩٤٣ دا، پاڵەوانی کورد مستەفا بارزانیی ڕاپەڕینێکی تازەی هەڵگیرساند کە تا ساڵی ١٩٤٥ بەردەوامبوو. لەو ساڵەدا، هێزی ئاسمانیی بەریتانیا بەشداری کرد و، بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی کوردان، نیوچەکانی کوردستانی بۆمبابارانکرد.

## بارودۆخی کورد لە ئێران!

بارودۆخی کورد لە ئێراندا زۆر خراپتر و تاڵتر بوو. حکوومەتی ئێران کوردی دەچەوساندەوە و، هەوڵی لەنێوبردن و، تواندنەوەی کوردی دەدا. حکوومەتی فارس، لەساڵی ١٩٢٥ دا، چەندین هۆزی کوردی لەنێوبرد و، زمانی فارسیی بەسەر کورددا سەپاند. بێگومان ئەم کردەوانەی ڕژێمی ئێران بەرامبەر بە کورد، بە ئاگاداری و ڕەزامەندیی تەواوی وڵاتانی ئیمپریالیستییەوە ئەنجامدەدران.

لەساڵی ١٩٤٦دا، گەلی کورد بەسەرکردەیەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، هەستا بە دامەزراندنی کۆمارێک لە کوردستاندا لەشاری (مەهاباد)، بەسەرۆکایەتیی قازی محەممەد. حکوومەتی تاران دانی نا بە هەموو ئەو چاکسازییانەی کە ئەم کۆمارە پێیهەستابوو - بەپێی ڕێککەوتنی (تەوریز – تاران). بەڵام چەند مانگێک پاش ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە، لەشکری ئێران هێرشی هێنا و بە یارمەتیی فرۆکە و چەکی قورس و ئەفسەری ئەمریکایی و، پاڵپشتیکردنی بەریتانیا و، کۆکردنەوەی هێزی چەکدار لە بەسەرە لە باشووری عێراق، هەوڵی ئەوەیاندا شەڕی نێوخۆیی لە ئێراندا بەرپا بکەن، کە ببێتە پێشەکییەک بۆ شەڕی سییەمی جیهانیی کە "ڕێزدار چرچل" بانگەوازی دەکردبۆی، دژ بە یەکێتیی سۆڤێت. بەڵام کۆماری کوردستان قەوارە سیاسییەکەی خۆی کردە قوربانی و، لەگەڵ لەسکری ئێرانیدا هەڵنەچوو، ئەویش لەپێناوی پاراستنی ئاشتی جیهاندا.

حکوومەتی تاران، توانی نێوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان لەساڵی ١٩٤٧ دا داگیربکاتەوە و سەرکردەکانی کۆمارەکەی لەنێوبەرێ و، (٤٥) ئەفسەر و سەرۆکهۆزی کورد لەسێدارە بدا و هەزاران خەباتکار و ئازادیخوازی کورد بخاتە زیندانەوە.

لەم دواییەشدا، "پەیمانی بەغدا" (حلف بغداد العدوانی) هێنرایە کایەوە بۆ بنبڕکردنی یەکجاریی کورد بەپێی ڕێککەوتنێکی نهێنیی پەیمانەکە. ئەوەبوو، لەشکری عێراق بەشداریکرد لە جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانی لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی کوردەکانی کوردستانی ئێران لە نێوچەی (جوانرۆ)، لەگەڵ لەشکری ئێران.

هەموو ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کوردان کە زۆربەی نێوچەکانی کوردستانی گرتبووەوە، دژ بەچەوساندنەوەی نێوخۆیی و وڵاتانی ئیمپریالیست بەرپاکران. هاوکات، ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنێ کە گەلی کورد، سوورە لە بڕیاری خۆی بۆ یەکگرتنەوەی

نیشتمانەکەی و، گەیشتن بە رزگاری یەکجاریی. بەپێچەوانەی ئەو درۆ و بوختانانەی ولاتانی ئیمپریالیست و، حکوومەتە دەستکردە سەرشۆڕەکانیان لەدژی نەتەوەی کورد و، خەباتە رەواکەی بلاویدەکەنەوە، هەستی ولاتپارێزیی نەتەوەی کورد، مێژوویەکی کۆنی هەیە و، شۆرشی نوێی رزگاریخوازانەی کورد، پتر لە سەدەیەکە هەڵگیرساوە و، لەپێناو ئازادی و سەربەسیتیدا، خوێنی پاکی دەیان هەزار کورد رژاوەتە سەر خاکی نیشتمانەکەی. لەبەر ئەوە خەباتی پیرۆزی نەتەوەی کورد، بە دەستێوەردان و، هاندانی بێگانە و دەرەکییەوە سازنەکراوە، وەک نەیاران و، دوژمنەکانی بوختانی بۆ دەکەن. لەبەر ئەوە، گەلی کورد سۆرە کە کێشەکەی بخاتە بەردەم نێوەندەکانی نێونەتەوەیی، لەوانە کۆنگرەی بەرێزتان و، وەک بەشێک لە کاری کۆنگرەکەتان، پشتگیریی گەلە چەوساوە و بندەستەکان بکەن. دان بنێن بە مافی چارەنووسیاندا وەک پێویستییەکی سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئاسایش لەم نێوچە هەستیارەی جیهاندا کە رۆژهەلاتی ناڤینە.

نەتەوەی کورد، بەدرێژایی مێژووی دووروودرێژی، سەلماندوویەتی، کە دوژمنایەتی کەسی نەکردووە و، هیچی لەدڵدا هەڵنەگرتووە. لەبەرامبەر گەلانی دیکە و، دراوسێکانیدا تەنیا بڕوای بە برایەتی و، ئاشتی هەبووە. نەتەوەی کورد هەست بەوە دەکات، بەرەژوەندیی ولاتانی ئیمپریالیست و، بەرەی کۆنەپەرستی جیهانیی لە رابوردوو و، ئیستا، لەوەدا بووە کە هەوڵی لەنێوبردنی سەربەخۆیی کورد و، تالانکردنی سامانی کوردەواری و، هێشتنەوەی کورد لە برسێتیدایە.

راستی و پاکیی دێرینی ئەم گەلە، کە ژمارەیەکی زۆر لە مێژووناسان شایەتیی دەدەن لەگەڵ ئەو خۆشەویستییەی بۆ مرۆڤایەتیی هەیەتی، بەو دلپاکییەی لە دەروونیدایە، کەچی بەرەورووی پیلانی دژوار و نامرۆڤانەی وەک "پەیمانی سەعد ئاوا" دەبێتەوە و، رژێمەکانی داگیرکەری پلان دادەرێژن بۆ بەرهەڵستیکردنی بزووتنەوە رزگاریخوازانەکەی و، بەردەوامن لە رشتنی خوێنی کورد و، پێشگرتن لە رزگاربوونی کورد. رژێمەکانی ترکیا و ئێران، تاکو ئەورۆش، سیستەمی کۆیلایەتیی سەبارەت بە کورد پێڕەودەکەن. نەتەوەی کورد لەو بەشانەدا، لە خوێندنگەی کوردی بێبەشە. رێنادەن رۆژنامە و، پەرتوک و راگەیاندن بە زمانی کوردی بلاوبێتەوە. لە عێراقیشدا، دەقی دەستوور هێشتا نەخراوەتە کار، کە دەڵێ: "زمانی کوردی، لە دەزگە حکوومی و خوێندنگە و دادگەکاندا، زمانێکی رەسمییە". ئەو خوێندکارەی دواناوەندیی تەواوکردبێ، هەزار کۆسپیان خستووەتە سەررێی، بۆ ئەوەی نەتوانێ خوێندنی بەرز تەواو بکات. هەروەها ئەفسەر و فەرمانبەرەکان لە مەڵبەندی ژیان و، زێدی خۆیان دوور دەخرێنەوە و لە نێوەندە هەستیار و گرنگەکانی سیاسی و ئابووری و لەشکریدا دانامەزرێنن. ئەم رژێمانەی کوردستانیان داگیرکردووە، تێدەکۆشن ئەو بەشانەی کوردستان خراوەتە ژێردەستیانەوە، لەرووی ئابووری و خزمەتگوزاری و تەندروستییەوە بە پاشکەوتوویی بمێنێتەوە. هیچ هەوڵێک بۆ چاککردنی باری گوزەرانی دانیشتوانەکەی نادەن. هەموو ئەو نەخشە و ئاسەوارە مێژووییانەی لە کتێبە مێژووییەکاندا بووبێت، هەموویان سڕیوەتەوە و، لەنێویان بردووە. بێگومان ئەمەش لەپێناو راگرتنی دەسەلاتی داگیرکەرانەی خۆیان و، پاراستنی بەرژەوەندیی وڵتانی ئیمپریالیستیدایە کە ئەنجامی دەدەن.

## گەلی کورد چیدەوێت!؟

ئیستا پاش ئەوەی هێندێک راستی و دروستیمان خستە بەرچاو لەبارەی بارودۆخی گەلەکەمان لەسەردەمی رووخاندن وهەڵوەشاندنی رژێمی ئیمپریالی، لەم سەردەمەدا هێزی دیمۆکراسی و سوسیالیستی و ئاشتیی بەرفراون بوو لە زۆر نێوچەی جیهان. بەدەیان نەتەوەی بندەستی ئیمپریالیست، کوت و زنجیری کۆیلەتییان پچڕاند و خۆیان رزگارکرد. دەبینین، پێویستە کورتەیەک لە ئامانجەکان و، داوا رەواکانمان بخەینە بەرچاو:

"ئێمە، هاواری ویژدان و زەمیری رزگاریخوازانی جیهان دەکەین، لە کێشەی گەلەکەمان بگەن و پشتیبگرن و هاوکاریی لەگەڵدا بکەن و یارمەتیی بدەن. گەلی کورد دەیەوێت، مافی چارەنووسی خۆی وەربگرێت. ئەو مافەی کە بیروباوەڕی نەتەوە یەکگرتووەکان و راگەیاندراوەی مافی مرۆڤ و کۆنگرەی باندۆنگ جەختی لەسەر دەکات ئەمە داوای سەرەکیی خەباتی گەلەکەمانە. گەلەکەمان دەیەوێت، مافی رەوای خۆی بگەڕێندرێتەوە بۆ نیشتمانەکەی و، "بۆ ل ٣١"

# رامیاری و هەڵوێستی رژێمی ئێران، سەبارەت بە دیاردەی مادەسڕکەرەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان!

## (٥)

نووسین و ئامادەکردنی:
سیروان کاوسی

لەبەشەکانی پێشوودا، کورتەیەک لەمێژووی "مواد مخدر"، لە جیهان و ئێرانی کۆن و، هەروەها لەسەردەمی رژێمەکانی پاشایەتی و، کۆماری ئیسلامیی ئێران خرایەڕوو. لەدرێژەی باسەکەماندا دێینە سەر بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسایی کۆماری ئیسلامی و، چۆنێتیی دیاردەی "مواد مخدر" لەم بەشەی نیشتمانەکەمان، ئەوجا ئاورێک لە باشووری کوردستان و عێراق دەدەینەوە، بزانین لەماوەی چەند ساڵی رابوردوو - بەتایبەتیی پاش رووخانی رژێمی سەددام، چۆن و بە چ رێگەیەک مادەسڕکەرەکان لەم مەڵبەندانەشدا خەریکە پەرەدەستێنێت.

هێژای گۆتنە، لێرەدا، مەبەست لە رۆژهەڵاتی کوردستان، شاری سنە و، ئەو چەند شار و شارۆچکەیەی دەوروبەری نییە کە رژێمەکانی داگیرکەری ئێران لە کۆن و نوێدا، بۆ بچووک پیشاندانی گەلی کورد و خاکەکەی لە رۆژهەڵات، نێوی ستان، یان پارێزگەی کوردستانیان بەسەردا بریوە، بەڵکو مەبەست هەموو پارێزگەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، کە بریتین لە: پارێزگەی ورمێ، سنە، کرماشان، ئیلام، بەختیاری، لۆڕستان و هەروەها پارێزگەی کوهکیلویە و بویەرئەحمەد.

دیاردەی مادەسڕکەرەکان لەنێوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆن و نوێدا، وەکیەک نییە و لەهێندێک نێوچە، مێژوویەکی کۆنتری لەوانی دیکە هەیە. بۆ وێنە، هەتا رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا، کە دەکاتە (٣٠) ساڵێک بەرلە ئێستا، لەزۆربەی شار و شارۆچکە و گوندەکانی پارێزگەی سنە و پارێزگەی ورمێ، ئەم دیاردەیە نامۆ بوو. ئەو کەسانەش کە دەبوونە گیرۆدەی تلیاک و شیرە، ژمارەیان بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران و، لەنێو خەڵکیشدا رێزیان لێنەدەگیرا.

لەسەردەمی رژێمی پاشایەتیدا، لەبەشی رۆژاوای کرماشان، لە چەند کێڵگەیەکدا بەنێوی "شرکت زراعی"، سەر بە وەزارەتی تەندروستی و، لەژێر چاودێریی حکوومەت خۆیدا، تلیاکیان دەهێنایە بەرهەم. ئێدی لە هەموو مەڵبەند و شارۆچکە و گوندەکانی رۆژاوای کرماشان تا دەگاتە سنووری ئیلام، هیچ جۆتکار و خاوەنزەوییەک، خۆی لە قەرەی چاندنی خەشخاش نەدەدا. بەڵام لەبەشی رۆژهەڵات و باشووری کرماشان، واتە لە زۆربەی ئەو مەڵبەندانەی دەکەونە نێوان ستانی (هەمەدان)، وەک نێوچەی سونقور - کولیایی تا دەگاتە "ماڵ ئاگر" کە فارس نێویانناوە (ملایر)، لەوێشەوە بەرەو گوندەکانی سەر بە شاری قوروە، بە پانتایی سەدان کیلۆمەتر، ئەفیۆن، مێژوویەکی کۆنی هەیە. لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی قاجارەکاندا، بەهۆی پێوەندیی نێزیکی نێوان سەرۆکهۆزەکانی ئەم نێوچانە لە گەڵ دەسەڵاتدارانی قاجار، بەشێکی بەرچاو لە بووجەی حکوومەت، بەرێگەی بەرهەمهێنانی تلیاکی پارێزگەکانی کرماشان و، لۆڕستان و ئیلام و هەمەدانەوە دابیندەکرا. بۆ وێنە، لە سەدەی (١٨)، لەنێوان ساڵانی ١٨٧٨ – ١٨٧٦، سەرجەم (١٥٧٦) کیلۆ تلیاک لەلایەن جۆتکار و دەرەبەگی کرماشانەوە بە دەوڵەت فرۆشراوە. ئەم رێژەیە ساڵ لە گەڵ ساڵ زیادی کردووە و، لەساڵانی نێوان ١٩٠٤ – ١٩٠٦، گەیشتووەتە (٣٠٠٢٦) کیلۆ. (١*).

لەسەردەمی رژێمی حەمەڕەزاشا، لە ستانی ئیلام، لە دەوروبەری شاری "دێلۆران" کە فارس نێویانناوە (دهلران)،لە چەندین کێڵگەیەکدا بەسەرپەرشتیی وەزارەتی تەندروستیی، تلیاک دەهێنرایە بەرهەم و دەکرا بە دەرمان و دەنێردرا بۆ نەخۆشخانەکان. هەموو ساڵێکیش بەشێک لە تلیاکەکە دەخرایە لاوە و، لەلایەن هەندازیار و باخەوانی کێڵگەکان و دوکتۆری دەرمانخانەکانەوە دەدزرا و دەگەیشتە دەستی دەلال و قاچاخچییەکانەوە و، لە ماڵانی هێندێک گەڕەکی شارەکان و، قاوەخانەی سەر جادەی شارەکانی کرماشان و ئیلام و لۆڕستان و ... هتد، دەگەیشتە دەستی مشتەری و خەڵکانی تلیاککێشەوە.

لەستانی لۆڕستان، هەر لە چاخی دەسەلاتدارێتیی قاجارەکانەوە، چاندنی خەشخاش بەفەرمیی لەلایەن حکوومەتەوە پەری پێدراوە و، هانی جۆتکارەکان دراوە لە کێڵگەکانیاندا خەشخاش بچێنن. پاش ئەوەی حکوومەتی قاجارەکان لەساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی (١٩٢٥ی ز)، بەنەخشەی ئینگلیز رووخا و، رەزاخان کرا بە شای ئێران و، ئەویش نازناوی (پەهلەوی)ی بۆ بنەماڵەکەی هەڵبژارد، بەرهەمهێنانی تلیاک و شیرە ببوو بە سەرچاوەی داهات و بژێویی دەیان هەزار بنەماڵەی جووتیاری ئەو نێوچانە. جگە لەوەش، وەک دەرمان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی گەورە و منداڵ کەڵکی لێوەردەگیرا. هەروەها لە "چێگێنی" و "ماڵ ئایر" و دەوروبەریشی، کە دوو نێوچەی سەر بە پارێزگەی لۆڕستان و هەمەدانن، ژیان و گوزەرانی هەزاران بنەماڵەی جۆتکار بەرێگەی فرۆشتنی تلیاکەوە دابیندەکرا.

لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانی زاینییەوە، مادەیەک بەنێوی هێرۆین، لە ئێران سەریهەڵدا و، پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک، وەک تۆری جاڵجاڵووکە، هەموو شار و مەڵبەندەکانی کوردستانیشی گرتەوە.



**پاش ئەم رۆنکردنەوە کورتە، دێینە سەر کاکڵی باسەکەمان سەبارەت بە دیاردەی مادە سڕکەرەکان لەرۆژهەڵات، لە سایی کۆماری ئیسلامیدا!**

ئەگەر بمانەوێ، بەشێوەیەکی زانستانە و بابەتانە، سیاسەتی راست و دروستی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە مادەسڕکەرەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستنیشان بکەین، پێویستە کورتەیەکی ئەو پلان و ئامانجە سیاسییانە بخەینە روو کە لەماوەی (٣٠) ساڵی رابوردوودا لە کوردستاندا بەرێوەیان بردووە.

لای هەمووان ئاشکرایە، مەبەست و ئامانجی سەرەکیی دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران – لەسەروویانەوە ئایەتوڵڵا خومەینیی لە رووخانی رژێمی پاشایەتیی، ئەوەبوو، رژێمیکی ئیسلامیی لە ئێران بهێننە سەرکار، کە بەتەواوەتیی بەپێی دەستوور ویاسا و رێسای سەرەتاکانی ئیسلام بچێت بەرێوە. هاوکات، بتوانن بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژییەکەیان بەرەو وڵاتانی دیکەی نێوچەکە – بەتایبەتیی بۆ نێو ئەو وڵاتانە بنێرن، کە پێرەوانی شیعەیان تێدایە و، لەو رێگەیەوە ئیمپراتورییەکی شیعە، بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی سازبکەن، کە نێوەندەکەی شاری "قوم" بێت.

بەڵام، بە پێچەوانەی ئایدۆلۆژی و بیروباوەڕی بنچینەگرانەی دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، خەبات وئامانج و تێکۆشینی گەلی کورد، بۆ گەیشتن بە

ئازادیی بوو، کە لەلایەن رژێمەکانی پاشایەتییەوە هەموو جۆرە ئازادییەکی لێزەوتکرابوو. مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەلایەتی و، فەرهەنگیی کورد، بەتەواوەتیی پشتگوێخرابوون و، حەمەرەزاشا بەوێنەی باوکی (رەزاشا)، بە هەموو شێوەیەک، سیاسەتێکی داگیرکەرانە و رەگەزپەرستانەی لە دژی نەتەوەی کورد پێرەودەکرد.

پاش رووخانی رژێمی شا، زۆربەی شار و مەلبەندەکانی پارێزگەی سنە و پارێزگەی ورمێ، کەوتنە دەستی کورد خۆیەوە و، هیچ جۆرە دەسەلاتێکی رژێمی نێوەندییان بەسەرەوە نەما. گەلی کورد بەو ئازادییەی دەستیکەوتبوو، گەشبین و، هومێدەوار بوو. بە هەزاران لاو و پیری کورد، بە چەکی خۆیانەوە، چوونە نێو پارتی و رێکخراوە سیاسییەکان – بە تایبەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە. رۆژهەلاتی کوردستان، بوو بە بنکە و پەناگە و شوێنی حەسانەوەی تێکۆشەرانی باشووری کوردستان، بە تایبەتیی بۆ پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە لە سالانی نێوان ١٩٧٦ – ١٩٧٩ لە بارودۆخێکی گەلێک دژوار و ئەستەمدا بوون.

بێگومان، ئەو دۆخە نوێیە سیاسییەی کە رۆژهەلاتی کوردستان سەریهەلدابوو، بۆ دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی، جێی ترس و پەژارە بوو. چونکە لە بووژاندنەوەی فەرهەنگی و هەستی نەتەوەیی و سیاسیی کورد دەترسان. لەپەیوەبوونی پێوەندیی نێوان رێکخراوە سیاسییەکان و، تێکۆشەرانی رۆژهەلات و باشوور دەترسان. سەرباری ئەمانەش، ئاگاداری ئەو راستییەش بوون کە، گەلانی دیکەی ئێران، چاو لە رۆژهەلاتی کوردستان دەکەن و، لە داهاتوویەکی نێزیکدا ئەوانیش داوای ئۆتۆنۆمی و، مافەکانی سیاسی و فەرهەنگیی خۆیان دەکەن و، بێتوو پێشی لێنەگرن، زۆر ناخایەنێت کە بەرەورووی کۆسپی گەورە دەبنەوە و، خەون و ئاواتی سیاسی و ئایینیان نایەتەدی. بۆیە هەر لەسەرەتاشەوە، چاوەروانیی ئەوە نەدەکرا کە ئەو دوو بیروباوەرە ناتەبا و لێکجیاوازە پێکەوە هەلبکەن. هەر واش دەرچوو، چونکە هێشتا پێنج حەفتە لە دامەزرانی رژێمی نوێ تێنەپەریبوو، کە شەرێکی گەورە و خوێناویان بەسەر دانیشتووانی شاری سنەدا سەپاند، کە بە نەورۆزی خوێناویی سنە نێوی رۆیی و بەهۆیەوە، سەدان هاوولاتیی کورد لەو شارە شەهیدکران. پێنج مانگ دواتر و، بە دارشتنی پلانێکی درندانەی بەرفرەتر، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی ( ١٨ی ئەگوستی ١٩٧٩)، ئایەتوڵلا خومەینیی، "فتوای جیهادی" لەدژی نەتەوەی کورد دەرکرد و، فەرمانیدا لە ماوەی ٤٨ دەمژمێردا، هەموو کوردستان داگیربکەنەوە. بە سەتان هەزار سوپا و پاسداری ئیسلامی و، پێرەوانی کفنلەبەری حیزبوڵلایی و گیانفیدای موسڵمان، رژانە کوردستانەوە....

**بەکورتی، لەسالی ١٩٧٩ەوە تا کۆتایی (٩٠)ەکانی سەدەی رابوردوو، کاربەدەستانی ئێران، بەنیازی لەنێوبردنی بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە رۆژهەلات، چەندین پیلان و سیاسەتی جۆراوجۆریان پێرەوکردووە، کە دەکرێ لەم پێناوەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێبکەین:**

**١- هێرشی سوپا بەمەبەستی داگیرکردنەوەی کوردستان و رێخستنی شەپۆلی گرتن و لەسێدارەدانی رۆلەکانی کورد لەلایەن ئایەتوڵلا خەلخالی، نوێنەری دەستنیشانکراوی ئایەتوڵلا خومەینیی، بەمەبەستی داسەپاندنی ترس وشەوەزەنگ بەسەر کوردستاندا، پاشان راگواستنی دەیان بنەمالەی پێشمەرگە بۆ خوارووی ئێران.**

**٢- بلاوکردنەوەی دەیان هەزار هێزی چەکدار لە هەموو کوردستان و، سازکردنی هەزاران سەربازگە و پێگەی سەربازیی لە شار و مەلبەند و گرد و تەپۆلکەی سەر جادەکانی کوردستان.**

**٣- سازکردنی هێزی جاش و تۆری سیخوریی لە نێو شار و گوندەکان و، تەرخانکردنی پارە و پوولی زۆر بۆیان، بەمەبەستی کۆنترۆلکردنی دانیشتوانی کوردستان، لەرێگەی کوردی بەکرێگیراووەوە و، بلاوکردنەوەی تۆوی ناکۆکی و دوژمنایەتیی لەنێوان کورد خۆیدا.**

**٤- لەسێدارەدانی زۆرترین ژمارەی گیراوانی کورد لە زیندانەکانی رژێم لە کوردستان و لە شارەکانی ئێران لەلایەن دەزگەی پاراستن (اطلاعات) ەوە. دارشتنی پلان بۆ تیرۆرکردنی زۆرترین ژمارە لە ئەندامانی سەرکردەیەتی و کادر و پێشمەرگە و کەسانی رۆشنبیری کورد لە باشووری کوردستان و، لە دەرەوەی ولات لەلایەن تیمەکانی تیرۆری وەزارەتی "اطلاعات" ەوە.**

**٥- گوشارخستنە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان، کە حیزبەکانی رۆژهەلات لەنێو بەرن، یان لە نێوچەی بندەسەلاتی خۆیان دووریان بخەنەوە و، رێ لەبەردەم هاتوچۆی ئەندام و پێشمەرگەیان بۆ نێو خاکی رۆژهەلاتی کوردستان بگرن و، رێنەدەن هیچ ئەندامێکیان سنووری رۆژهەلاتی کوردستان ببەزێنێت.**

شانبەشانی بەرێوەبردنی ئەم پلان و پرۆژە سیاسی و سەربازییانەی لەسەرەوە ئاماژەمان کردپێی، دەزگەی

پاراستنی رژێم پاش تێپەربوونی چەند ساڵێک، بەرێگەی هێندێک کوردی سیخوڕ و خۆفرۆشەوە، لە شارەکانی کوردستاندا تلیاک و هێرۆئینی بڵاودەکردەوە. بەڵام لە کۆتایی (٩٠) ە کانی سەدەی رابوردووەوە، لەپێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی تازەیان سەبارەت بە چۆنێتیی پارێزگاریکردن و درێژەدان بە دەسەڵاتی رەشیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، جەختیان لەسەر گرنگیی پەرەپێدانی مواد مخدر بەشێوەیەکی سیستماتیک و رێکخراو کردەوە.

هێنانی "مواد مخدر"، بۆ بەشەکانی خوارووی کوردستان، بەم شێوەیە کە لە بەلوچستانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ستانی خوزستان، یان بە رێگەی ستانەکانی "یەزد" و "کرمان" ەوە دەهێنرێ، بەنێو ستانەکانی بویەر ئەحمەد و بەختیاری و لۆرستان و ئیلام دا بڵاودەکرێتەوە. بۆ ستانی کرماشان، بە رێگەی "پارێزگەی هەمەدان" ەوە دەهێنرێت. بەڵام بۆ دوو پارێزگەی سنە و ورمێ، دەزگەی پاراستن (اطلاعات)، راستەوخۆ هێنان و دابەشکردنی مواد مخدر سەرپەرشتیدەکات. لەراستیدا، لەم دوو پارێزگەیە کە لەلایەن رژێمەوە، بە "نیوچەی جەنگیی" نێوناسکراوە، هیچ باند و دەستەیەک ناتوانێت سەربەخۆ و لەدەرەوەی دەزگەی پاراستنی رژێم و، بە بێ ئاگاداریی کاربەدەستانی رژێم لەو دوو هەرێمەدا، بازرگانیی مواد مخدر بکات.

لە روانگەی کاربەدەستانی ئێرانەوە، (هەردوو پارێزگەی ورمێ و سنە)، تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و، بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی، چەق و نێوەندی بەرخودان و، شەرۆشۆری گەورە و خوێناویی لەدژی سوپا و داوودەزگەی رژێمەکەیان بووە و، سەرەرای کوژرانی هەزاران مرۆڤی کورد و، سازکردنی دەیان بەندیخانەی گەورە، هێشتا نەیانتوانیوە هێمنی و ئاسایشی دڵخوازی خۆیان لەو دوو پارێزگەیەدا دابین بکەن.

کێشەیەک کە ئەورۆکە، سەرنجی کاربەدەستانی ئێرانی بۆلای خۆی راکێشاوە، سەرهەڵدانی بزاڤێکی رۆشنبیری و فەرهەنگیی کوردییە، کە لەلایەن چینی لاوان و رۆشنبیر و خوێندەوارەوە لەشارەکاندا دەستپێکردووە و، بە دوور لە بازنەی شەڕ و ناکۆکیی حیزبەکان، بەبێترس و سڵکردنەوە لە هێزی چەکدار و بوونی دەیان هەزار بەکرێگیراو و سیخوڕی رژێم، خەباتێکی ژیرانەی دەستپێکردووە و، رۆژ لەگەڵ رۆژیش ئەم هۆشیاری و پێگەیشتنە لە پەرەسەندندایە. لەبەر ئەوە، کاربەدەستانی رژێم، ئەورۆکە، لە حیزبە سیاسییە کوردییەکان ناترسن، چونکە توانیویانە بە رێگەی "دۆستان" ی کوردیان و، بەهۆی پاوانخوازی و بێبڕوایی سەرکردەیەتیی حیزبەکان بەرامبەر بیری نەتەوەیی و، دەوڵەتی کوردیی، پرشوبڵاویان بکەنەوە و، باروودۆخێکی ئەوتۆیان بەسەردا بسەپێنن، کە بکەونە دارکاری و شەرەچەقۆ و شەرەقەڵماسک و، پووڵ و کەلوپەل رفاندن لە یەک. لەبەر ئەوە تەنیا هۆیەک ئەورۆکە رژێمی ئێران لێیدەترسێت، سەرهەڵدانی ئەم شەپۆلە رۆشنبیرییە کوردییە، کە توانیویەتی لەنێو شەوەزەنگ و سیاسەتی تۆقاندن و شکەنجە و سێدارە و، تۆری جاڵجاڵۆکەئاسای سیخوڕ و مرۆڤخۆرەکانی سیستەمی کۆنەپەرستیدا، سەرهەڵێنێ و، رێکخراوەی مرۆڤی و فەرهەنگیی پێکبهێنێ و کۆنفرانس و سەمیناری رۆشنبیری و نەتەوەیی سازبکات و، لەنێو زیندانەکانیشدا، پەیامی بندەستیی گەلەکەیان بە گوێی دنیای مرۆڤایەتیی بگەیەنن. رۆیا تلۆعی و محەممەد سدیق کەبودوەند و، هیوا بوتیمار و عەدنان حەسەنپوور و ئەحمەد شەریفی و هانا عەبدی، پەروینی ئەردەلانی و، سەدان رۆڵەی ئازا و رۆناکبیری دیکە، نموونەی زیندووی ئەم شەپۆلە بەسامەیە، کە رژێمی داگیرکەری ئێران، بەتەواوەتیی هەستپێکردووە و، بەهەموو شێوەیەک کەوتووەتە بەربەرەکانێکردنی.

وەک لەپێشدا ئاماژەمان کردپێ، دوا بەدوای دارشتنی پلانە نوێیەکەی رژێم سەبارەت بە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەزگەی پاراستن، لەنێوخۆی رۆژهەڵات کەوتەخۆ، سەرەتا، دەستیکرد بەهێنانی جلوبەرگی هەرزان لە بەلوچستانەوە بۆ شاری مەهاباد. پاش ماوەیەک ئەم پرۆژە بازرگانییە نێوی "تاناکۆرا" ی بەسەردا برا. زۆری نەخایاند نێوبانگی "تاناکۆرا"، هەموو شارەکانی کوردستان و، ئێرانی تەنییەوە و، بەتایبەتیی لەلایەن چینی کەمدەرامەتەوە پێشوازیی زۆر گەرمی لێکرا. شاری مەهاباد، دەستنیشانکرا بۆ نێوەندی فرۆشتن و، بڵاوکردنەوەی جلوبەرگی تاناکۆرا و، بازرگانی شارە گەورەکانی ئێران و کوردستان، لە تاران و تەورێز و کرماشان و سنە و سەقز و هتد، بۆ کرینی جلوبەرگی تاناکورا، دەبوو روو لە شاری مەهاباد بکەن (٢*).

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم پرۆژەیە، چەندین بازرگان و کوردی نیشتمانفرۆش، کە جێباوەڕ و متمانەی وەزارەت "اطلاعات" بوون، دەستنیشانکران، تا لەگەڵ هێنانی هەر لۆرییەک جلوبەرگی تاناکورا، چەند سەت کیلۆیەک "مواد مخدر" تێکەڵ بە جلوبەرگەکان بکەن و، بیگەیەننە شاری

مەهاباد و، لەویوە بەرێگەی باندەکانی خۆیان بە نێو شاری مەهاباد و شارەکانی دەروبەریدا بلاویبکەنەوە. بەم شێوەیە بەرێگەی هێنانی جلوبەرگی تاناکۆراوە، هێنان و بلاوکردنەوەی مواد مخدر، بێ هیچ گیروگرۆیەک لە کوردستان دەستپێکرد. لە رێگەی ئەم بازرگانییە دژ بە کوردەوە، کە ئێستاش هەر بەردەوامە، کاربەدەستانی رژێم، لەو دوو پارێزگەیە، بوونەتە خاوەنی پوول و سامانێکی زۆر، هاوکات، ئامانجی تێکدەرانەی رژێمەکەشیان جێبەجێکردوە. سەرەرای ئەوەش، توانیویانە ژمارەیەک کوردی خاین بە گەل و نیشتمانەکەیان پەروەردە بکەن، کە ئامادە بن، لەپێناو دەولەمەندکردنی خۆیاندا، زیانی گەورە لە کوردی هاورەگەز و هاونیشتمانی خۆیان بدەن.

ئەورۆکە هەموو تاکێکی کورد، لەم راستینەیە باش ئاگادارە، کە رۆژ نییە لە شارەکانی ئێراندا، باس لە گرتنی باندەکانی مادەسرکەرەکان و، لەسێدارەدانی قاچاخچی و زیندانیکردنی دەیان و سەدان هێرۆئینکێش لەمیدیاکانی رژێمەوە بلاونەکرێتەوە، بەلام لە کوردستاندا، تاکو ئێستا هیچ باند و دەستەیەک بە هۆی ئەو تاوانەوە نەگیراون و لەسێدارە نەدراون. ئەو کەسانەش کە چایخانە بە چایخانە و، کۆلان بە کۆلان مادەسرکەرەکان لەگەل خۆیان دەگێرن و، رۆلەی خەلک تووشی ئەو بەلاسامناکە دەکەن، لای خەلک و بەکرێگیراوانی رژێم ناسراون و، کردەوە و، پیشە و شوێنی ژیانیشیان ئاشکرایە. بەلام دەزگەکانی رژێم کاریان نییە بەسەریانەوە، ئەگەر جاروباریش بەرێکەوت یەکێکیان لێبگرن، پاش چەند رۆژێک بەرەلای دەکەن.

دەزانین کە بێکاری و نەبوونی داهات و هەژاری و دەستکورتی و، کێشەی خێزان، هۆکارن بۆ سەرهەلدانی ناهومێدی و بێزاربوون لە ژیان و، دەستدانە خۆکوژیی، یان پەنا بردنەبەر مادەبێهۆشکەرەکان. کاربەدەستانی ئێران کە لە کوردستاندا سیاسەتێکی داگیرکەرانە و، رەگەزپەرستانە پێرەودەکەن، نایانەوێت کوردستان لەرووی پیشەسازی و، تەکنۆلۆژیاوە پێشبکەوێت. کارگە و نیوەندی بەرهەمهێنانی تێدا دروستناکەن، چونکە دەیانەوێ کۆمەلی کوردەواریی بەهەژاری و دواکەوتوویی ئابوورییەوە بمێنێتەوە. لێکۆلینەوەکان پیشانیانداوە، ئەم مەلبەندانەی رێژەی بێکاری و هەژاریی لەسەرەوەیە، هەر بەو پێیەش، رێژەی تووشبووی مادەسرکەرەکان و، خۆکوژی و خۆسووتاندن و بێرەوشتی و دزیکردن بەردەوام زیادی کردووە. رژێمی داگیرکەری ئێران، لەهەموو مەلبەندەکانی کوردستاندا، بەئاشکرا سیاسەتی دواخستنی کۆمەلی کوردەواریی پێرەو دەکات. لەم بارەیەوە، دەزگەی هەوالنێریی "فارس"، راپۆرتێکی لەسالی رابوردوو (٢٠٠٧) دا بلاوکردووەتەوە و، رۆناکی زیاتر دەخاتە سەر باسەکەمان. لە راپۆرتەکەدا هاتووە :

**١- رێژەی بێکاریی لە کوردستان ٢٥% (مەبەست لێرەدا پارێزگەی سنەیە - ن.).**

**٢- رێژەی بێکاریی لە کرماشان ٢٦%**

**٣- رێژەی بێکاریی لە ستانی لۆرستان ٣٤%. ئەمە لەکاتێکدا لە جەنگی عێراق - ئێراندا، ستانی لۆرستان بە تەواوەتیی پشتیوانی رژێم بووە و، دەیان هەزار قوربانیی لە جەنگدا و، لەپێناوی کۆماری ئیسلامیدا بەختکردووە.**

**٤- رێژەی بێکاریی لە ستانی کۆکیلۆیە و بویەر ئەحمەد ١٥/١%**

**شایانی باسە، لەرۆژهەلاتدا، زۆرترین خۆکوژیی، بەتایبەتیی خۆکوژیی ژنان، لە ستانەکانی ئیلام و کرماشان روو دەدات.**

**رێژەی بێکاریی لە چەند ستانی ئێران:**

**١- رێژەی بیکاریی لە ئەسفەهان کەمتر لە ٤%**

**٢- رێژەی بێکاریی لە ستانی سیستان و بەلوچستان ٣٥%. رژێمی ئێران، لە بەلوچستانیش بەوێنەی کوردستان، بەتەواوەتیی سیاسەتێکی رەگەزپەرستانەی دژ بە گەلی بەلووچ پێرەو دەکات.**

**٣- ئازەربایجان (ستانی تەورێز) ٦/٥%**

**٤- ستانی خۆراسانی خواروو ١٨% (هێزای گۆتنە، بەشێکی گەورەی ستانی خۆراسان کوردنشینە و بەکوردستانی خۆراسانی نێوبرۆیشتووە!).**

لەپاش رووخانی رژێمی سەددام لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، هەلومەرجێکی سیاسیی لەبار و گونجاو بۆ رژێمی ئێران رەخسا، کە لەلایەک رێکخستنی سیخوری و رێکخستنی چەکداریی لەنێو هەرێمەکانی شیعەنشینی عێراقدا بەهێزبکات، لەلایەکی دیکەشەوە، لەو نێوچانەی کە بەتەواوەتیی چاودێریی سوپای نوێی عێراق و ئەمریکایان بەسەرەوە نییە، بەتایبەتیی لە باشووری عێراق، بەرێگەی دارودەستەی مەلا باقر سەدرەوە، دەستبکات بە بازرگانیی

مادەسرکەرەکان و، هاندانی جۆتکارەکان و، گوندنشینەکانی لایەنگری "سوپای مەهدی"، بۆ ئەوەی لە کێڵگەکانیاندا گیای خەشخاش بچێنن.

بێگومان، ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەزوویەکی زوو نەتوانن، کۆنترۆڵی هەموو شار و سنوورەکانی عێراق بکەن، لەچەند ساڵی داهاتوودا، عێراق جێگەی ئەفغانستان دەگرێتەوە و، دەبێتە یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی هەناردەی مادە بێهۆشکەرەکان لە جیهان. لەم بارەوە، ماڵپەری "سبەی" لەزمانی ئاژانسی هەواڵنیری "فرانس پرێس"، رێکەوتی ٢٠٠٧/٧/٧ راپۆرتێکی بڵاوکردەوە، کە لێرەدا کۆپلەیەکی دەنووسینەوە:

(عەمارە دەروازەی سەرەکییە! عێراق بووەتە رێڕەوی سەرەکیی بازرگانیی مادە سرکەرەکان، بەرەو خۆرهەڵاتی ناڤین و ئەفریقا و ئۆروپا! لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، بازرگانیکردن بە ئەفیون ومادەسرکەرەکانی تر لەعێراق پەرەی سەندووە و، لە ئەفغانستانەوە بەنێو ئێراندا دەهێنرێت و لە عێراقەوە رەوانەی دەرەوە دەکرێت....).

هەناردەی سەرەکیی رژێمی ئێران بۆ وڵاتانی نێوچەکە، بریتییە لە ناردنی پووڵ و چەکوچۆڵ و سازکردنی تۆری تێرۆر و سیخوڕی و، ناردن و بڵاوەپێکردنی مادەسرکەرەکان. لەبەر ئەوە، کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم، دەبێ بە هۆشیارییەوە، ئاگاداری پیلانەکانی بەردەوامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بن، بۆ سەر خۆیان و کۆمەڵگەکەیان.

ماوەیەکە، میدیای حکوومەتی هەرێم و، رۆژنامەکانی حیزبی و ناحیزبیی لە باشووری کوردستان،لەزمانی پۆلیس و کاربەدەستانەوە، هەواڵی گیرانی قاچاخچی مادەسرکەرەکان لە باشوور بڵاودەکەنەوە. دوا هەواڵێک لەم بارەوە بڵاوکرایەوە، لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە بوو کە لە رۆژی ٢٠٠٨/٧/٦ دا، ئاماژەی بە گرتنی پیاوێکی تەمەن (٢٠) ساڵ کردووە، کە لە سنووری "باشماخ" گیراوە و، کیلۆیەک تلیاکی پێبووە و ویستوویەتی بیهێنێتە نێو خاکی باشوورەوە.

بە کورتی، ئەورۆکە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەدژی نەتەوەی کورد، بریتییە لە بڵاوکردنەوەی "مواد مخدر"، داسەپاندنی جەوی ترس و شەوەزەنگ و، گرتن و شکەنجەدان، تێکدانی حیزب و رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان، بڵاوکردنەوەی هەرچی زیاتری تۆڕی سیخوڕ و بەکرێگیراوانی لەنێو هەموو ئەو شوێنانەی کە هەست بکات، سەرچاوەیەکن بۆ خەباتی رۆشنبیری و سیاسی و فەرهەنگیی کوردیی.

ئەوجا ئێمەی کوردیش کاتێک دەتوانین هەموو نەخشە و پیلانە گڵاوەکانی رژێمی ئێران پووچەڵ بکەینەوە، کە لەپێش هەر شتێکدا، خاوەنی بیروباوەڕی نەتەوەیی بین و، لە روانگەی بیروباوەڕی نەتەوەییەوە، بیر لە دۆزینەوەی رێچارەی شیاو گونجاو بکەین بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی کە داگیرکەرانی کوردستان بۆ نەتەوەی کوردی دروستدەکەن. پێویستمان بەوەیە لە میدیای کوردییەوە، بەشێوەیەکی بەردەوام، رۆشنبیرییەکی نەتەوەیی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی بڵاوبکرێتەوە. ئامانج و پیلانی داگیرکەران لە بڵاوکردنەوەی مادەسرکەرەکان لە کوردستان، بەشێوەیەکی زانستانە و بابەتانە دەستنیشانبکرێن و، لە هەموو دانیشتووانی وڵاتەکەمان بگەیەنین، کە خەبات بۆ رزگاریی کوردستان، لە خەبات بۆ نەهێڵانی دیاردەی مادەسرکەرەکان جیا نییە.

**لە کۆتاییدا، چارەسەری بنەڕەتیی بەربەرەکانێکردنی "مواد مخدر" و هەموو کێشە و ئاستەنگەکانی نێو کۆمەڵی کوردەواریی، بەوە دەکرێت کە خاکی کوردستان لە چنگی داگیرکەرانی دڕندەی بهێنرێتەدەرێ و، لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا، بناخەی سیستەمێکی دادپەروەرانە دابڕێژرێ و، هەموو تاکێکی کورد، لە خاک و نیشتمانی خۆیدا، هەست بە سەربەزری و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بکات.**

**بە هیوای ئەو رۆژە!**

**"تەواو"**

**تێبینیی!**

**کۆی ئەم زنجیرە وتارە، لەداهاتوویەکی نێزیکدا لەسەر ماڵپەری "کۆنگرە" دادەنرێت!**

"ماوەی لاپەڕە ٢٣"

و دەیەوێت، مافی ڕەوای خۆی بگەڕێندرێتەوە بۆ نیشتمانەکەی و، دەیەوێت، خۆی کوێخای خۆی بێت و خاوەنی ماف بێت لەسامانی نیشتمانەکەیدا، کە ئێستا لەلایەن کۆمپانیاکانی سەر بە وڵاتانی ئیمپریالیستەوە تاڵان دەکرێت. نەتەوەی کورد، دەیەوێت، بە برایەتی و ئاشتی لەگەڵ هەموو گەلانی دنیادا بژی و، پێوەندیی برایەتیی لەگەڵیاندا فراوان بکات. نەتەوەی کورد، دەیەوێت، ئاشتی جیهان بپارێزێ و، شەڕی وێرانکەر قەدەغە بکرێ و، پشتگیریی بیروباوەڕی (ژیان لەژێر سێبەری ئاشتی) دا دەکات و، خەبات لە پێناو جێبەجێکردنیشیدا دەکات. نەتەوەی کورد، پشتگیریی خەباتی گەلان دەکات لەپێناوی سەربەخۆیی وسیادەی نیشتمانیی. هەروەها بە بەردەوامی یەکێتیی خەباتی هاوبەش لەگەڵ گەلە دراوسێ براکانی بپارێزێ بەهێزی بکات لەهەموو بەشە کۆتکراوەکانی نیشتمانەکەی کە خراوەتە سەر عێراق و ئێران و تورکیا و خەبات دەکات لەگەڵ گەلانی ئەم وڵاتانە، شانبەشان لەپێناوی ڕزگاربوونی لەژێردەستەیی ئیمپریالیزم و حکوومەتە کۆنەپەرستەکان و پەیمانە نگریسەکانیان.

بەکورتی، گەلی کورد لە جێبەجێکردنی بیروباوەڕی کۆنگرەی باندۆنغ، داوایەکی زیاتری ناوێت بۆ دامەزراندنی ئەو ڕژێمە فەرمانڕەوایەی کە دەگونجێ لە نیشتمانەکەیدا و، دوارۆژێکی بەختیار بنیات بنێ، تا بتوانێ بەشداریی کاریگەر بکات لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتیی کە بەرەو ئاشتی و ڕۆناکی هەنگاودەنێ.

کۆنگرەکەتان باشترین شوێنی بەهێزە بۆ کێشەی گەلەکەمان. بەدڵێکی پڕ لەهیواوە ڕوودەکەینە کۆنگرەکەتان، بۆ ئەوەی توێژینەوە لەسەر کێشەی ڕەوامان بکات و، لەگەڵ ئەو کێشانەی دیکەدا بیگونجێنن کە لە خشتەی پلانی کۆنگرەکەتاندا تۆمارتان کردووە.

**بژی یەکێتیی گەلانی ئاسیا – ئەفریقا!**
**بژی خەباتی گەلان لەپێناوی سەربەستی و سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسیندا!**
**بفەرموون، سوپاس و ڕێزمان لێ قبووڵ بکەن**
**یەکێتیی لاوانی دیمۆکراسی**
**لە باشووری کوردستان!**

عەبدوڵڵا پەشێو

## گرنگ و گرنگتر

**سەربەخۆیی گرنگ نییە!**
**هەر هەشت پیتی ناوی وڵات – بە عانەیەک**
**قەڵای هێسکی ئەنفالەکان –**
**بە مەرحەبای بێگانەیەک**
**گرنگ نییە!**
**خودا دەیکرد (قودس) دەبوو بە ئۆرشەلیم،**
**(دڵ) یش دەچووە ناو پەراسووی یەکانەیەک**
**گرنگ نییە، با بەعسی و جاش**
**بورووکێنە ناو دەرپێشمان**
**وەکو شارە مۆرانەیەک.**
**گرنگ نییە! دەبا وڵات سەروخواری**
**ببێتە کەللەخایەک.**
**بەڵام گرنگ**
**کورسییەکی سارد و سڕی**
**وەک تابووتی بن مردووە،**
**گرنگتریش:**
**ئەو دۆلارە چاو سەوزانەن**
**کە بۆ غوربەت سەری خۆیان هەڵگرتووە!**

تێبینی!

کۆی ئەم نووسراوەیە، لە داهاتوویەکی نێزیکدا، لەسەر ماڵپەڕی کۆنگرە لە بەرگێکی سەربەخۆدا بڵاودەکرێتەوە و، خوێنەرەوەی بەڕێزی کۆنگرە دەتوانێ چاپی بکا و، سوودی لێ ببینێت.

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن

P. B. 607, London
N W 8 O D T, U. K.
Fax; 0044 – 208 741 64 36
E-post; wka@knc.org,uk

Bi wê adres pêwendî legel serokayetîya kongrey Nîştmanîya Kurdistan bigre!

---

ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

Tele; 0049 – 82 33 80 61
Fax; 0049 – 82 33 61 21
E-post; KNC@ribrahim.de

---

نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!

KNC
P. B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway.
post@kncscandinavia.com

Bi wê adres name û gotar û pêŞnyaza xwe bo kongre biŞîne!

---

"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیمۆکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری رزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی ڕاگەیاندن: "سیروان کاوسی"

Kongre, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî Netewey Kurde!
Kongre, Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Dewletî Serbexoy Kurdistane!

Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin; Sîrwan Kawsî

---

ئەدرەسی ماڵپەڕەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!

کۆنگرە ئینگلیزی: www.knc.org.uk
کۆنگرە (کوردی): www.kncscandinavia.com
رادیۆ رۆژاڤا: www.rojavatv.org.uk
حکوومەتی رۆژاڤای کوردستان: www.western-kurdistan.com
سایتی دوکتۆر جەواد مەلا: www.jawadmella.net
سایتی حکوومەتی رۆژاڤا (ئینگیلزی) www.western-kurdistan.com
رادیۆ رۆژاڤای کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت http://rojavakurd.listen2myradio.com
سایتی مامۆستا جەمال نەبەز www.jemalnebez.com
سایتی دوکتۆر جەواد مەلا www.jawadmella.com

**هەر شەکاوەبێت، ئاڵای پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان!**